# وێنەی هزری ، ئاوەزداری و لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان

## ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم)ی بەختیار عەلی وەك مۆدێلێکی جیهانبینی کورد

**د. ئاڤێستا کەمال مەحموود/ زانکۆی سلێمانی/ بەشی کوردی**

**پێشەکی**

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زمانەوانی دەروونیدایە و جەختکردنە لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوە و تێگەیشتن ، کاتێك زمان و بیرکردنەوە دوو بابەت و بنەمای دامەزراندنی زمانەوانی دەروونین و ئەمیش وەك میتۆدێك بە دوای نهێنی و شاراوەییەکانی چۆنێتی پێکەوەهاتنی بیر و زمان دا دەگەڕێت و لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئامراز و ئەو کەرەستانەی , کە زمان پێشکەشیان دەکات وەك بەرجەستەکاری بیر لە دونیابینی تاکەکان دەکۆڵێتەوە و ئەو بەشە شاراوەیەی مرۆڤ دەخاتەڕوو ، کە پەیوەندییە جڤاتییەکانی لەسەر بونیاد دەنێت ، چونکە زمان بەرهەمهێنەر و بەرجەستەکاری بیرە هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە پێکەوەهاتن و پێڕەوی پەیوەندی نێوان کۆدەکان نمایشدەکات ، کە ئەمانیش خۆیان لە ناو خۆیاندا دیارخەری چۆنێتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەن لەواتا و دونیا.

لەڕاستیدا زمانەوانی دەروونی پشتبەست بە زانستی درککردن هەم لە پێڕەوبەندی زانیارییەکان دەدوێت هەم لەو ئاوازدارییەش دەدوێت و پەسەندی دەکات ، کە کۆی پێڕەوبەندی هێما و کۆدەکان لە هزری مرۆڤدا دروستی دەکەن ئەمە سەرباری ئەوەی خودی درککردن لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە هەڵگری چەندین لێکدانەوەیە ، لەو ڕوانگەیەوە ئەو پرسیارەی ( ئایا هەستەکانمان سەرچاوەی زانین و درککردنەکان)مانن یاخود تیۆرییەکی دیکە هەیە ، کە سەرچاوەیەکی دیکە هەیە بۆ درککردن دەستنیشاندەکات .
لێکۆڵینەوەکە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی پەیوەندییە ناوەکییە شاراوەکان پەنایبردۆتە بەر وەرگرتنی نموونەی ئەدەبی ( ڕۆمان) وەك ئارکیتایپێکی باڵا لە بیرکردنەوە و حەشاردانی ئاوەزدارێتی نوسەر وئاڕاستەکردنی گوتارەکان بەرەو هزری خوێنەر .

### ١) وێنەی هزری و لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان ( چەمك و تێڕوانین)

ئاوەزداری و هزر لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆری هەڵگرت ، هۆکاری ئەم هەمەچەشنییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە هەستەکان لەم تێڕوانینانەدا پنتی شیکاری و لێکدانەوە

جیاجیاکانە ، پەیوەست بەڕۆڵی درککردنیش  لە بونیاد و چنینی چەمکەکاندا ئەوە تێبینی دەکرێت ، کە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی چەمك و زانیارییەکان لە پێڕەوی ڕێکخراودان و بنەمای درککردنن **ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢: ١٩١)"** بەم پێیە کاتێك لە شتێك تێدەگەین بەهۆی بەشداریکردنی بەشێك لە ئەزموونەکانمانەوەیە و پشتیش بە کۆزانیاریی پێشینەوە ( Background Knowledge) دەبەستین ، کە لە ڕووی تەکنیکەوە پێی دەگوترێت تیۆری سکیما ( Schemata Theory ) " ئەم تێورییە تەرزی ڕێکخستنی بیروڕەفتارەکان پەسەندەکات هەروەها دەشێت وەك دروستەی ئاوەزداری بیرۆکە یەکلانەبووەکان یان ڕاستەقینەکان کە سەلمێنراون پێناسە بکرێت ، سەرجەمی  کارەکە چۆنێتی ڕێکخستنی زانیاری نویَ لێکدەداتەوە .

سکێماکان لەگەڵ سەرنجدان و پێکەوە گرێدانی زانیارییە نوێکان تێکەڵدەبن و ئەم تێورییە پەیوەندی پتەوی بە تێگەیشتن و بانگکردنەوەی زانیارییەکانەوە لە هزردا هەیە پاشان بەکارهێنانیان لە زماندا ، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە کاریگەری لەسەر بیرکەوتنەوە دروستدەکەن بریتین لە :

١. کردەی لابردن  Omission : واتە بەجێهێشتن و لابردنی هەموو ئەو زانیاریانەی بەبەشداریکردنی ئاخاوتنەکەوە پەیوەندیدار نین ،

٢. کردەی گواستنەوە Transformation: گواستنەوەی هەندێك لە وردەکارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆئەوەی دیاردەی قسەلەسەرکراو بەتەواوەتی بگەیەنرێت ،

٣. کردەی هۆکاربەندی  Rationalization: دەرخستنی لایەنەکانی بابەتێکە بۆ ئەوەی شیاو بێت بە شێوەیەك کە تاك لێی تێبگات ،

٤. گۆڕینەوەی کلتوری : ناوەرۆك و ئەو شێوازە دەگرێتەوە کە ئاخاوتنەکان هەیانە و باکگراوندی کلتوری لەکاتی بەشداریدا کاریان تێدەکات واتە ئێمە لە ڕێگەیباکگراوندی کلتوریی خۆمانەوە شێواز و ناوەرۆکەکان دیاریدەکەین و دەیانخوێنینەوە .

لەم پنت و ڕوونکردنەوەی پێشووەوە لێکۆڵینەوەکە شێوازی شیکردنەوەی  داتا زمانییەکان لە ڕۆمانەکەدا بەکاردەهێنێت بۆ خوێندنەوی جیهانبینی کلتوری کورد و دەستنیانکردنی ئەو مۆدێلەی کورد دونیای لێوە دەبینێت .

 لێرەوە زانستی زمانی دەروونیی پشتبەست بە زانستی درککردن بۆ ماوەیەکی گرنگییەکی زۆری بە وێنە لەزانیارییە  چەمکییەکان و پەیوەندیکردندا  داوە و ئەم گرنگی پێدانەش  لە گەشەی ئاڵۆزی فرە میدیای ، فەلسەفە و تیۆری بینین و پرۆسە زانستییەکاندا دەبینرێتەوە ئەم حاڵەتەش ئەوە دەگەیەنێت , کە بە تەنها ئەو ڕێگایانە ناگرێتەوە ، کە ئێمە لە دونیای فیزیکی و بەرجەستەدا خۆمانی پیَ نمایش دەکەین بەڵکو ئەوەش دەنەخشێنێت ، کە بە چ شێوەیەك نەخشەیان بۆ دەکێشین بۆ نموونە کاتێك بریاردەدەین ئەوا پێشتر پلان و هێڵکاری دادەنێین  بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجام خودی ئەم پلان و هێڵکارییەش پەیوەندی نێوان زانیارییەکان دیاریدەکات واتە بە چ شێوەیەك کۆدەبنەوە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ڕوون لەسەر ئەو ئەنجامەی مەبەستمانە .

زانستی درککردن وێنەکاری پەیکاڵدەکات لەگەڵ وێنەی ئاوەزی icon و ئاوەزداریدا چونکە هەردوکیان وێنەن

و ئەم وێنانە بەرەو بینینی نوێمان دەبەن ، کە تێیدا شتەکان دەناسرێن بەهۆی ئەو پەیوەندیانەی ، بەبێ وێنەکانیان ناناسرێنەوە و نادۆزرێنەوە .

لێرەشەوە بەپێی Winfried North (2008 ) وێنەکاری Iconicity دەبێتە مەرجێکی پێشینە بۆ گەیاندن ، پێکەوەهاتن ، تێگەیشتن و جەختیشی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ، کە هێڵکاری وێنەیی و دروستەی گوتار و هۆکارەکانی نەخشەکێشان وادەکەن ئارگۆمێنتەکان و ئاخاوتنەکان لەکاتی تێگەیشتندا ڕوونتر و ساناترین ، چونکە هێڵکاری لە زماندا لە دوولاوە پێویستە: **یەکەمیان** بۆ درککردن و **دووەمیان** بۆ کورتبڕی ڕەوانبێژی لەبەرئەوەی ئەوکاتەی , کە وێنەکان ئاماژە و ڕوونکردنەوەی ورد بۆ هەموو هێماکان بەرجەستەدەکەن لە هزری (گوێگر/ خوێنەر)دا هەروەها بەڕوونی گرنگییەکانی ئارگۆمێنتێك دەنەخشێنن و(گوێگر/ خوێنەر) نزیکدەکەنەوە لەو چەمکانەی (قسەکەر/ نوسەر) ویستوویەتی بیگەیەنێت ، لەم خاڵەشەوە گرنگی و پتەوی وێنەی هزری بە ئەنالۆژیکردنەوە دەردەکەوێت ، چونکە (گوێگر/ خوێنەر) هەوڵدەدات لە قسەکەر تێبگات لە ڕێی ناسینەوەی ،دووبارەکردنەوە و نزیککردنەوە ئەوەی (قسەکەر/ نوسەر) ئاڕاستەی کردووە .

بەمەش وێنەی هزری و ئەنالۆژیکردن تاڕادەیەکی زۆر پەیکاڵی یەکتردەبن ، چونکە خودی ئەنالۆژیکردنیش بریتییە لە هێڵکاری ئاوەزی لەگەڵ لاسایکردنەوەی کاریگەرییەکان لەساتەوەختی نەخشاندنی دروستەی دوو چەمکدا بەواتایەکی تر نزیککردنەوە ونواندنەوەی چەمکێکە بە چەمکێکی نزیك لێوەی ، کە لە هەژموون و دەسەڵاتیاندا وەك یەکبن ، بەمەش ئەنالۆژیکردن گرنگە بۆ زمانەوانی بەتایبەت بۆ دانانی مۆدێل و تیۆری و باشترین دەرخەری هۆکارەکانیشە لە گۆڕانی زمانی ، گەشەی زمانی و زمانپژاندندا .

هەر لە پێناو ڕوونکردنەوەی پەیوەندی وێنەی هزری و ئاوەزداریدا ، کە خودی موێدێلی جیهانبینیش دیاریدەکەن پێویستە وێنەی هزری و پرنسیپ و ئامرازەکانی بناسێنین چونکە ئەم چەمکە کلیلانە وەك پێویستییەکی ناچارین بۆ خوێندنەوەی جیهانبینی کورد لە ئەدەبیاتدا بەگشتی و لە ڕۆماندا بەتایبەتی.

**١ / ١) وێنەی هزری و پەیوەندییە ئاوەزدارییەکان**

زمان بەکارهێنانەکانی پەیوەندی توندیان بە کۆزانیارییەوە هەیە و کۆزانیارییش بەوە لێکدەدرێتەوە ، کە ئەو کردەیەیە تاك دەتوانێت هەژموونی ئەقڵ بەسەر بابەتێکی دیاریکراودا بچەسپێنێت و تایبەتیە جیاکارییەکانیشی دەربخات هەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ دروستبوون و گواستنەوەی تەواوی چەمکەکان پاشان کۆکردنەوەیان لە شێوەی پێڕەوێکی سیستەماتیکدا پێویستە ئەو دەربخەین ، کە وێنەی هزری ڕۆڵێکی چالاك دەبینێت لە گەیاندنی کۆزانیارییدا و لەلایەکی تریشەوە خودی کۆزانیاری بەرفراوان لای تاك دەبێتە هۆی چالاککردنی پێڕەوی چەمکەکان لە هزرداپاشان نواندنیان لە وێنەکاندا .

وەك ئاماژەمان پێدا کۆزانیاریی ، وێنەی هزری و ئاوەزداری نوێنەری چۆنێتی بیرکردنەوەن و گوزارشت لەدیوە شاراوەو ناوەکییەکانی بیردەکەن هەربۆیە ئەم چەمکانە و بەتایبەت وێنەکاری چەندین پێناسەی

بۆکراوە بۆنموونە **جرجانی** دەڵێت " وێنەی هزری کاتێك دەیبەستینەوە بە دەربڕینەوە بەواتای واتا دێت ، ئەو کاتەش ، کە وەڵامی ( چییە )دەداتەوە دەبێت بە بەها ( ماهیەت ) و لەڕێگەی جێگیربوونی لە دەرەوەی زمان پێی دەگوترێت ( هەقیقەت ) و بەهۆی دەوروبەرە جیاوازەکانەوە پێیدەگوترێت ناسنامە.

پرۆسەکانی درککردن پێکەڵن لەگەڵ وێنەکاریدا چونکە ئەوەی لە ناوەوەی ئاوەز ڕوودەدات پەیوەندی بەوەشەوە هەیە ، کە لە دەرەوە ڕوودەدات بەواتایەکی تر زمان بریتییە لە دەربڕی چەمك و بیرۆکەکان هەرلەمەشەوە وێنەی هزری / وێنەکاری وەها دەردەکەوێت ، بریتی بێت لە دەربڕینێکی دەرەکی بۆ چەمك و بیرەکان و لەئەنجامیشدا بەهۆی وێنەوە ڕونبکرێنەوە ، بەڵام وێنەکاری ئاماژەی بەرجەستەبووی پەیوەندی نێوان چەمك و فۆرم و نەخشاندنی لە ئاوەزدا ڕووندەکاتەوە ،پرۆسەکانی درککردن پێکەڵ لەگەڵ وێنەگەراییدا، بەم شێوەیە وەها سەیری وێنە دەکەن ،کە بریتی بێت لە ناوەکی بوون(inside) لەمێشکدا بۆ دەرەکی بوون (out side) لە ئاخاوتندا ،هەروەها تێکەڵ دەبێت لەگەڵ دەربڕینی دەرەکی بیر و بیرۆکەکاندا کەواتە ئەم چەشنە لە وێنە ئەو چەمکەیە ، کە لە هزردا دەنەخشێنرێت دوای ئەوەی ڕووتدەکرێتەوە لە هەقیقەتە دەرەکییەکان لەم حاڵەتەدا لوژیکیانە بریتی دەبێت لە واتای ڕوتکراوە بەپێی **فەرهەنگی ستانفورد** وێنە هزرییەکان درککردنی گشتین و وەڵامدانەوەیەکی بەدەستهێنراون بۆ کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە وروژێنەر بەمەش هەردوو لایەنی ( ئەوەی تێگەیەنراوە و ئەوەی باوەڕپێهێنراوە ) لەخۆ دەگرێت و ئاماژە بۆکرۆکی کردە هزرییەکان دەکات و زەینیش هەڵدەستێت بە درککردنی پێکهاتە و واتاکەی .

بە شێوەیەکی گشتی هەندێك لە زمانەوان و لوژیکەوانەکان پێیان وایە پێویستە چوارئاست لە بەرجەستەکردنی وێنەی هزریدا ڕەچاو بکەین[1] .

1. بوونی شتەکان لە دونیادا
2. هەقیقەتی شتەکان خۆیان لە خۆیاندا ( بەها / ماهیەت)
3. جێگیربوونی نموونەیەك بۆ هەقیقەتەکە لە هزردا
4. دروستکردن و بەرهەمهێنانەوەی بەهۆی دەنگ یان نوسینەوە
5. دروستکردنی وێنە لە دەرەوەی( زمان)دا.

**ابن تیمیە** وێنەی هزری بە یادگەوە دەبەستێتەوە و دەربارەی دەڵێت " مرۆڤەکان زمان بە کاردەهێنن لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا و تێیدا وێنەی جۆراوجۆر بۆ ئەو واقعەی تێیدایەتی دروستدەکات هەروەها ئەم یادگەیە عەمباری کەڵکەکردن نییە،کە چەمکەکانی تێدا هەڵبگیرێت و لەسەریان کۆپی بکرێتەوە بەڵکو پرۆسەیەکی چالاککردنەوە و کارابوونی بەردەوامە هەروەها ئەزموونە پێشینەییەکانمان دووبارە نابنەوە بەشێوەیەکی تەواو پڕاوپڕ بەڵکو ئەوەی یادگە دەیکات پاراستنی وێنە و چەمکە چالاکەکانە ، کە مرۆڤ لە ڕێگایانەوە درك بە دەوروبەری خۆی دەکات " هەروەها ئەم حاڵەتە دەمانگەیەنێت بە (بەئاگای کۆمەڵایەتیی) و کۆمەڵە بابەتێکی هاوبەش چونکە وێنەی هزری تەنها وێنەی تاك نییە بەڵکو هی کۆمەڵیشە هەرچەندە هەندێك شەقڵی تاکگەرایش لە خۆدەگرێت و گەر ئەم پێکەوە بوون و هاوبەشییەش نەبێت ئەوا خەڵکی لەیەکتر ناگەن .

**جودت گرین** ( ١٩٩٠: ١١٠) دەڵێت " ئەو وێنانەی لە دەرەوە بۆمان دێت زۆرێك لە مرۆڤەکان بەشدارن تێیدا

بەڵام وێنە تایبەتەکانمان لە هارمۆنێتێکەوە دێت ، کە خۆمان بۆ وێنەکانمان دیاریدەکەین ئەمیش پشت دەبەستێت بە ڕۆشنبیری و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین ، هارمۆنییەتی تایبەت بە کۆزانیاریی دەبێتە هۆی دروستبوونی چەمك و وێنە ، کە بەیەکەوە لە ناوخۆیاندا دەبەسترێنەوە "

ئەو کاتانەی مرۆڤ ناتوانێت خۆی ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ پێکەوە بەستنی چەمکەکان ناچاردەبێت پەنابەرێتە بەر شیکاری و دەرەوەی زانیارییەکان تاوەکو تەمومژی زانیارییەکان برەوێنینەوە و لە هەمانکاتدا دەسەڵات بەسەر زانیارییەکاندا پەیدا بکات بەمەش واتا دروست دەبێت ، کە ڕووبەڕووی ئاستەم دەبێتەوە لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە تاوەکو ئەو کاتەی لێی تێدەگەین .

لێرەوە وێنەکاری لە هزردا لە پێناو گەیشتن بە وێنەی هزریدا بریتی دەبێت لە لێکۆڵینەوە و نواندنی ئەو پەیوەندییانەی ، کە زانیارییە زمانییەکان دروستی دەکەن لە هزردا و ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە هزری قسەکەردا ڕێکدەخرێن بە مەبەستی دەربڕینیان و ئەو پەیوەندیانەش دەگرێتەوە ، کە گوێگر بەکاریدەهێنێت لە پێناو دروستکردنی زنجیرەیەکی لەیەکنەپچڕاوی تێگەیشتندا بەدەربڕینێکی دیکە (Lancker 1987) دەڵێت " وێنەگەرایی سوود لە ئۆپەراسیۆنەکانی نەخشە دروستکردن دەبینێت هەروەها سود لە دروستەی زمانی دەبینێت ، بەمەش دەبێتە ئاوێنەی چەمکەکانی کەلای مرۆڤایەتی هەن "هەروەها **Cacciari** ( **١٩٩٥**) ئەوە دەردەخات ، کە "وێنەکاری پەیوەندی بەپێناسەکانی لێکچون ، ژمارەی کەرەستە، چۆنێتی بینین ، میکانیزمی وەڵامدانەوە و جۆرەکانی پەیوەندی لەنێوان خوازەی زمانی و واتای پێتیدا هەیە ."

لە لایەکی ترەوە **Bolinger** ( **١٩٧٧**) پێناسەی وێنەی هزری دەکات و گرنگی و جەخت دەخاتەسەر (پەیوەندی فۆرم و واتا و واتای زانیارییەکان لە ناوخۆیاندا ) و دەڵێت " وێنەکاری لەزماندا وەك دەرخستەی پەیوەندی نێوان فۆرم و پێکهاتە (ناوەرۆکدا) بەکاردەهێنرێت ، بەواتایەکی تر تایبەتی و بەهادەرخستنی لەنێوان تایبەتییە دروستەییەکان و ئەو واتایانەی کە دەیەگەیەنن"

### ١ / ٢)پرنسیپ و ئامڕازە زمانییەکانی دروستکردنی وێنەی هزری

وێنەی هزری وەك لە شرۆڤەکانی پێشوودا ڕوونمانکردەوە شێوەی پێکەوە هاتن و نەخشاندنی پەیوەندی واتاکانە لە هزردا بۆ گەیشتن بە چەمکە نموونەییەکان و بەردەوامبوونی پرۆسەکانی بیرکردنەوە و تێفکرین ، هەربۆیە پەیوەندی لەم چەشنە و بەم شێوەیە ئاڵۆزە هەم یاسای ڕێکخەر و دەستبەسەراگری ڕیتمە پێکداچوونەکانی هەیە هەم پێویستی بە ئامڕازی زمانی هەیە بۆ ئەوەی لە بەرهەمهێناندا گوزارشتی لێبکات و شێوەی کارکردنەکەی لە هزردا ڕوونبکاتەوە .

### ١/ ٢_ ١) پرنسیپەکانی وێنەکاری و وێنەی هزری **Iconicity Principle**

ئاوەزداری مرۆڤ هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە بە زانیاری پڕدەکرێتەوە هەرئەمەشە ، کە دواتر ڕەفتار و کەسێتیمان دیاریدەکات ئاشکراشە ، کە دەبێت باری جەستەیی و بۆماوەیی ڕەچاوبکرێت ، ئەو زانیارییانەی مرۆڤ مامەڵەیان لەتەکدادەکات و بەدرێژای تەمەنی مۆدێلی بیرکردنەوە و کاراکتەری دیاریدەکات دوو چەشنن

١.زانیاریی گشتیی ٢. زانیاریی زمانیی

زانیاریی گشتی هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە ، کە لە پەیوەندییەکی پەتیدان بە بیرکردنەوە و چالاکی زمانی بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵیان تێدا نابینێت بۆنموونە بینینی کارەساتێکی ئۆتۆمبیل و ئامادەبوون لە شوێنی ڕوودانەکەدا پەیوەندی بە زانیاریی زمانی نییە پاشان بیرکردنەوە لە هۆکارەکانی و تاوتوێکردنی لە هزردا وەك زانیارییەکی گشتیی دەینوێنێت بەڵام پاش ئەم حاڵەتە و گێڕانەوەی و پێشوەخت بەستنەوەی بە تێگەیشتنەوە دەیکاتە زانیارییەکی زمانی هەر لەبەرئەمەشە ئەم چەشنە زانیارییانە پێویستی بە چەند بنەمایەك هەیە بۆ ڕێکخستنیان پاشان بەستنەوە و تێگەیشتنیان لەگرنگترین ئەو پرنسیپانە:

### ١/ ٢_ ١_ ١)پرنسیپی چەندێتی **Quantity Principle**

ئەم پرنسیپە هەم چەندێتی و ژمارەی کەرەستەی بەکارهاتوو دیاریدەکات لەو پەیوەندییانەدا ، کە بەمەبەستی دروستکردنی وێنە بەکاریدەهێنن ، گرنگی دەدات بە بڕی ئەو واتا (سادە ، ئاڵۆز ، جەختلێکراوە و میتافۆریی) یەی ، کە دەربڕاوەکان لە هزری گوێگردا دروستی دەکەن ئەم پرنسیپە پەیوەندی بە پرنسیپی دووبارەکردنەوەوە Reduplication Principle هەیە ( وەك لە گۆرانی یاری و بانگکردن ..هتد) بۆنموونە :

| | |
|---|---|
| ١. أ. کچێکی پاکە . | ب. پاکە |
| ٢. کچێکی زۆر زۆر پاکە . | ب. زۆر زۆر پاکە . |
| ٣.أ هەتا بلێی کچێکی زۆر زۆر پاکە و فرتوفێڵی نییە . | ب. هەتا بلێ زۆر زۆر پاکە و فرتوفێڵی نییە |
| ٤.أ. هەتا بڵێی کچێکی زۆر زۆر جوانە . | ب. هەتا بڵێی جوانە |
| ٥. أ. کچێکی زۆر زۆر جوانە . | ب. زۆر زۆر جوانە. |
| ٦. کچێکی جوانە . | ب. جوانە . |

٧. چرپە چرپی گەلاّکان هەواڵی هاتنی ڕەشابایەکی سووریان لەم مەملەکەتەدا ڕادەگەیاند.

ڕستەکانی ( ١_٣.أ) لەبەر بنەمای چەندێتیدا وەها دەردەکەون ، کە پەیوەندیی چەکەکانیان بەهێزە ، کە لە ڕێگەی واتاکانیانەوە گەیەنراوە و جەختلێکردنەوەی زۆرتر ، کە لەنموونەی

(١)ەوە دەستپێدەکات بۆ نموونەی (٣) و بڕی کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ سەرکەوتووکردنی بیرەکە بەرەو زیادبوون دەچێت و هەر ئەم هۆکارەشە ، کە وایکردووە وێنەکان ڕوونتر و ئاشکراتر دەربکەون ، هەروەها نموونەکانی (١_٣.أ) تاڕادەیەك واتای میتافۆری لە خۆ دەگرن بەڵام ئاڵۆسکاو و ئاڵۆز نین ، لەلایەکی ترەوە لە نموونەکانی (١_٣.ب) دا تا ڕدەیەکی زیاتر ئاڵۆزی دەردەکەوێت چونکە بکەری ڕستەکان خراوە بەمەش بەستنەوە و چۆنێتی پەیوەندییەکان بۆ دروستکردنی وێنەکان ئاشکرا نییە واتە نازانرێت ( چی زۆر پاکە ) لێرەوە پەیوەندی و وێنەکارییەکە تەواو نابێت لە هزری گوێگردا ، گەر بەستنەوەیەکی پێوەختی پراگماتیکی

و دەوروبەر نەبێت , کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە ببەستێتەوە .

ڕستەکانی ( ٤_٦. أ) واتای ڕستەکان پیتییە و وێنەی هزری ناویشیان سانایانە پەیوەندییەکان لە نێوان وشەکاندا دیاریدەکات تاوەکوو بڕی کەرەستەی جەختلێکراوە زۆربێت ئەوا وێنە هۆشەکییەکەش دەرخراوتردەبێت ، بەڵام نموونەکانی ( ٤_٦.ب) ئاڵۆزترن بەهۆی خستنی بکەرەکانەوە و بەمەش بنەمای چەندێتی وێنەیەکی ئاڵۆزی هزری و چێوەنەدراو دەخاتەڕوو مەبەستیش لە چێوە نەدراو ئەوەیە سەرجەمی پەیوەندی وشەکان بەیەکەوە تێگەیشتنێکی پڕاوپڕیان نەکێشاوە بەمەش وێنە هزرییەکە ، کە لەپەیوەندی وشەکانەوە هاتووە چێوە نەدراوە و دوا دەستپێداهێنانی تەواو نەبووە .

لە نموونەی (٧)دا ژمارەی و بڕی یەکە زمانییەکان زۆرن و لەگەڵ ئەمەشدا پرنسیپی چەندێتی ئەو پەیوەندییە زۆرانە دەخاتەڕوو ، کە هەریەك لە وشەکان بەکەوە دەبەستێتەوە و لەلایەکی ترەوە پرنسیپەکە ئەو پەیوەندییە چڕ و زۆرانە ڕووندەکاتەوە ، کە هەریەك لە وشەکان لەگەڵ واتا پیتییەکەدا دروستیانکردووە بەمەبەستی گەیاندن و هێنانەناوەوەی تێگەیشتن .

### ١/ ٢_ ١_ ٢)پرنسیپی نزیکایەتی

ئەم پرنسیپە جۆری ئەو پەیوەندییانە دەستنیشاندەکات ، کە زانیارییە زمانییەکان بلەیەکەوە دەبەستێتەوە واتە نزیکایەتی و خزموخێشی وشەکان لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا ڕووندەکاتەوە و هەمبەر بەمە پەیوەندییە وردەکانی نێوان زانیارییەکان ،کە بە هۆیانەوە ناسینەوەی واتای میتافۆری و بەخشکەیی دەربڕین جێبەجێدەکرێت ، شیدەکرێنەوە .بۆنموونە :

١. أ. گەڵابەکە چەوەکەی هەڵڕشت. ( بەهێز )
ب.گەڵابەکە چەوەکەی ڕشت. ( بێهێز/ لاواز)
پ.گەڵابەکە شوشەکانی ڕشت . ( لاواز)
ت. گەڵابەکە شوشەکانی هەڵڕشت. ( لاواز)
ج . گەڵابەکە شوشەکەی ڕشت / هەڵڕشت . ( پەیوەندییەکە جۆرەکەی دیاریکراونییە بە هۆی دەوروبەرەوە ئەگەر شوشوکان شوشەی شکاو بن ڕوون دەبێتەوە ، کە واتاکە و پەیوەندییەکانی بەهێزن یان لاواز )
ح. گەڵابەکە شوشەکانی بارکرد. ( لاواز )
خ. پیکابەکە شوشەکانی بارکرد. ( بەهێز)

لە نموونەکانی (٨.أ_خ) پرنسیپی نزیکایەتی لە هەریەك لە ڕستەکاندا دەگۆڕێت و ئەمەش وادەکات تێگەیشتن و درککردنەکان بۆ هەریەك لە ڕستەکان بە شێوەیەکی تایبەت بێت هەرچەندە نموونەکان لەیەکەوە نزیکن لە ڕوو بەکارهێنانی کەرەستە و یەکە زمانییەکانەوە بەڵام گۆڕینی فۆرمێك هەرچەندە بچووکیش بێت دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و درکپێکراوی ڕستەکە بۆنموونە ڕستەکانی (٨.أ) و ( ٨. خ) پەیوەندی نێوان وشە و

مۆرفێمەکانی بەهێزن بەڵام لە ڕستەکانی ( ب_ج)دا پەیوەندییەکانی نێوان وشەکان لە دوو باردان یان نەناسراون پەیوەست بە دەوروبەرەوە وەك نموونەی (٨.ج) یاخود پەیوەندیی نێوانیان دروست و گونجاو نییە و لەیەکەوە دوورن وەك نموونەی ( ٨.ب) وشەکانی (ڕشت ) لەگەڵ (گەڵابە) و (چەو)دا نزیکایەتیان نییە و (٨.ت)دا پەیوەندییەکە لە نێوان ( شوشە ) و (هەڵڕشت)دا لاوازە و قسەکەران بە زمانی کوردی وەك زمانی یەکەم بە ئاسانی دەیناسنەوە و پەی بە ئەوە دەبەن ، کە ڕستەیەکی لەم شێوەیە لە لایەن کەسێکەوە کە سەلیقە و کارامەی زمانی کەمبێت بەکاردەهێنرێت.

Givon ( ١٩٩١a: ٨٩) دەڵێت ئەم پرنسیپە وەك پرنسیپی ئیکۆنۆمیشی لێدێت چونکە دووری نێوان فۆرمەکان وزەی زۆری دەوێت بۆ لەیەکتر نزیککردنەوەیان چونکە ئەمە ئیکۆنۆمیکردنە لە فۆرم و چەمکدا و هەر ئەم حاڵەتەشە بەرپرسیارە لە دوورکەوتنەوەی نێوان چەمکەکان چونکە تا فۆرمەکان لە ڕوانگەی بەکارهێنانیانەوە لەیەکتر دووربن ئەوا ئەو بیرانەی ، کە دەیانگەیەنن لە یەکتر دووردەکەونەوە .

٢. گوڵ بە دەم بادی صەباوە پێکەنی بولبول فڕی




هێڵکاری ژمارە_ ١ _

ڕیتمی تێگەیشتن و هێزی پەیوەندییە( فۆرمی و چەمکییە)کان بە پێی پرنسیپی نزیکایەتی و تیۆری چالاککردنەوەی چالاککراو

### ١/ ٢_ ١_ ٣)پرنسیپی ڕیزبوونی زنجیرەیی Serial Principle

ڕیزبەندی ڕووداوەکان مەرجی سەرەکی پرنسیپی زنجیرەییە ، هەروەك John Haiman دەڵێت ( ١٩٨٣ : ٧٨١–٨١٩) " ڕیزبوونی یەك بەدوای یەك ڕووداوەکان دەبێتە ڕیزبەندی دەربڕین , گوزارشت و ئاخاوتنەکانیشمان"ە بە واتایەکی تر یاسابەندی و لۆژیکی ڕێکخستنی فۆرم و چەمکەکانە کاروان عومەر قادر ( ٢٠١٢: ١٠٢) دەڵێت" لەم یاسایەوە دەتوانرێت درکبکرێت بە ڕادە و ڕێژەی هاوشێوە بوون لە نێوان دەربڕاوە زمانییەکانی زمانەکەمان( بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی کردارانەی کاتێن و کاتی ڕوودانەکە دەخەنەڕوو لەگەڵ ئەو

ڕووداوانەی/ کردارانەی ڕێکخستنی هێڵیانە/ زنجیرەییانە ڕوودانی ڕوداوەکە دەخەنەڕوو ، لەگەڵ واقعی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە لە واقعدا یان واقعی ڕیزبەندی ڕووداوەکە لە واقعدا" ، دەشێت ئەم لایەنەی وێنەی هزری لە ڕێگەی ڕستەی باسمەند و یاساکانی ( سەرتۆپ و تیشکۆ)ەوە دەسکاری بکرێن و وێنەو و پەیوەندی جۆراوجۆر بەهۆی پاشخستن و سەرتۆپکردنی کەرەستە زمانییەکانەوە دروستبکرێن بۆ نموونە :

٩.أ. لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ژنێکی دووگیان و پیاوێك لە ئەمەریکا مردن و ژنەکە پێش مردنی منداڵەکەی بوو.

ب. ژنێکی دووگیان و پیاوێك لە ئەمەریکا لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا مردن ، ژنەکە منداڵەکەی بوو پێش مردنی .

پ. ؟؟ ژنەکە پێش مردنی منداڵەکەی بوو، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ژنێکی دووگیان و پیاوێك لە ئەمەریکا مردن.

ت. لەڕووداوێکی هاتوچۆدا پێش ئەوەی ژنێکی دووگیان گیان لەدەستبدات منداڵی بوو .

لە ڕستەکانی سەرەوەدا گۆڕینی شوێنی ڕوداو وڕستەکان بووەتە هۆی دروستکردنی وێنەی جیاجیا لە کاریگەریدا لەسەر هەست و سۆزی گوێگر بۆنموونە لە ڕستەی (١) جەخت لەسەر ( پیاو ) ، ( ژن) و (منداڵ) کراوەتەوە وەك بابەتی سەرەکی ڕووداو بەڵام لە ڕستەی (٩/ب) دا نەهاتنی فرێزی ( لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا) و گواستنەوەی بۆ کۆتای ڕستەکە کاریگەری وێنەکەی گۆڕیوە و هێواشی کردووەتەوە هەمان باریش بۆ بەشی دووهەمی ڕستەکە ڕاستە و ڕستەی (٩.پ) تاڕادەیەك زنجیرەبەستی ڕووداوەکانی ئەو بابەتە ناگرێتەوە ، کە سەرجەمی ڕستەکانی تر هەوڵیان بۆ داوە تاڕادەیەکیش پاش و پێشخستنەکە ڕێگە پێدراو و گونجاو نییە لەلایەکی ترەوە ڕستەی ( ٩.ت) بەتەواوەتی ڕووداوی ( تیاچوونی پیاو)ەکە فەرامۆشکراوە هەروەها دەستەواژەی ( پێش ئەوەی)یش ڕوودا و گرنگی لەسەر ( ژنەکە)ش هەڵگرتووە ، بەمەش ڕووداوی یەکەمیش تیشکۆکەی لەسەر ژانی (منداڵ)ەکەیە واتە لە ڕیزبەندییەکەدا ڕووداوی ناوی ڕستەکەدا(ژیانی منداڵەکە ) لە هەموویان گرنگترە و سەرجەمی ڕووداوەکانی تری بۆ فەرامۆشکراوە .

**١/ ٢_ ٢) دروستکردنی وێنەی هزری بەهۆی کەرەستە زمانییەکانەوە**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کۆمەڵێك پرنسیپی گشتی هەن ، کە یاریدەی بیر و زمان دەدەن تاوەکو پەیوەندییەکانیان بەشێوەیەك ڕێکبخەن ئەو واتایانەی ، کە مەبەستیانە زۆر ڕوون و ئاشکرا بگەیەنرێت ئەمەش پشت بەست بە پرنسیپ و هێڵکاری سەرەکی ئەنالۆژیکردن لە پێناو زیاتر شیتەڵکردنی دروستبوونی وێنەی هزری دوو ئامرازی سەرەکی زمانیی دەخەینەڕوو:

**<u>یەکەم :</u>** بەمەبەستی ئەنالۆژیکردنی شتەکان و گەیاندنی بیرەکان وەك خۆیان چەندین هەوڵی زمانەوانی دراوە لەوانەش دیاریکردنی وشە ئیدیۆفۆنەکان Idiophones ، کە بریتین لەو وشانەی زۆر بە ڕوونی انطباعێك دیاریدەکەن بە هۆی زانیارییە گواستراوەکانی چەند هەستێکەوە وەك ( دەنگ ، جوڵە ، ڕەنگ ، قەبارە و کردە ) Doke [٢] ( ١٩٣٥: ١١٨) دەربارەی ئەم چەشنە وشەیە دەڵێت" ئیدیۆفۆن نواندنێکی ڕوون و ڕەوانی بیرەکانە لە دەنگدا ، کە وەسفی تەواوکەرێك دەکەن لە ڕوانگەی ( ڕەنگ ، شێواز ، دەنگ ، بۆن ، کردە ،

هەڵوێست ) ەوە ".

پەیوەست بە نزیککردنەوەی فۆڕمی وشەکان لە واتاو کرۆکی ئەو بیرانەی دەیگەیەنن چەند چەشنە وشەیەکی دیکەش لە وشە ئیدیۆفۆنەکان جیاکراونەتەوە لەوانە ( وشەی دەنگیی Onomatopoeia وەك لە وشەکانی (زرمە ، گرمە ، شەقە ...هتد) هەروەها وشەی (دەنگدەرەوە Echominetic ) شی لێجیادەکرێتەوە وەك ( جیڕەجیڕ ، خشەخش ، گڤەگڤ ...هتد)

٣. ژنەکە زۆر شیڕە دریژبوو . ( شیڕەی پڵنگ)

٤. نەڕەی کابرا ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆشت . ( نەڕەی شێر )

٥. ئەمشەو جیڕەجیڕی دەرگاکە نەیهێشت بخەوم . ( جیڕەی درەخت)

١٣.خشەخشێك لە ژێر کورسییەکەوە دێت. (خشەی گەڵا)

ئەم وشانە وێنە هزری و ئاوەزییەکەیان زۆر نزیکە لەو فۆرم و دەنگانەی ، کەدەیاننوێنن هەربۆیە لێرەوە دەبێت لە دوو چەشن وشە لە زماندا بدوێین ، کە ئەوانیش وشەی فۆنۆلۆژی و وشەی ڕێزمانییە . بەدەر لە وشە دەنگدەرەوەکان وشە فۆنۆلۆژییەکانیش هەن ، کە لە فۆنێمەکانی زمانێك دروستبوون پەیوەندی نییە لە نێوان وشە و ناونراوەکاندا و زۆرێك لە وشە بنجی و بنەڕەتەکانی زمان لەم چەشنە وشانەن و ئەو وێنە هزرییەش ، کە دروستی دەکەن جیاوازە لەو فۆرمانەی ، کە واتاکانیان نواندووە بۆ نموونە :

١٤ . پیاوەکە دارەکەی بڕییەوە .

ڕستەی (١٤) هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان وشە دەربڕاوەکان و ئەو واتایەی ، کە دەینوێنن بۆنموونە (پیاو) وێنەی دەنگی خودی پیاو نییە وەك ( وشەی خشەخش بەرانبەر دەنگی خشەخش) بەڵکو (پیاو) وشەیەکی فۆنۆلۆژییە ودەشیا هەروشەیەکی تر هەبوایە بەرانبەر (پیاو) هەروەها وشەی (دار ) پەیوەندی نییە لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەربۆیە وێنە هزرییەکە پەیوەندییە بە دەنگەکانی ( د، ا ، ر)ەوە نییە بەڵکو پەیوەندییەکی لەخۆوەیە و ئێمە ڕێکەوتووین لەسەری بەهەمان چەشن کرداری ( بڕینەوە ) هەمان لێکدانەوەی بەسەردا دەسەپێت هەرچەندە ئەمیان کردار بەڵام لە ناوی کردارەکەوە وەرگیراوە .

بەرانبەر بە وشەی فۆنۆلۆژی وشەی ڕێزمانی هەیە ، کە ئەمان لە ئەنجامی یاسا ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژییەکانەوە دروستبوون و تاڕادەیەك پەیوەندی هەیە لە نێوان ناو و ناولێنراوەکەدا و بەم پێیەش وێنە هزرییەکەی ، کە پێکیدەهێنن ڕوونتر و نزیکترە لە فۆرمە زمانییەکە بۆ نموونە ( باخەوان , مارماسی ، دەنکەهەنار ، کوتەك ، قسەڕەق...) واتە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان هەمویان دەچنە ژێر کێڵگەی وشە ڕێزمانییەکان چونکە بەهۆی یاسای ڕێزمانیی و وشەسازییەوە دروستبوون و ئەم لەیەکتر لێکدانانەیان دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی ناو و ناولێنراو بۆنموونە ( شەکردان وێنە هزرییەکەی دەمانبات بۆ جێگەیەك ، کە شەکری تێدا هەڵگیراوە نەوەك ماددەیەکی دیکە وەك خوێ )

١٥ . هەرچەندە مەلەوانێکی بەتوانا بوو بەڵام نەیتوانی بەمەلە دەریاچەکە ببڕێت.

وشەکانی ڕستەی ( ١٥) لە نێوان وشەی فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیدان و هەندێك ئامڕازیشی تێدایە وەك ( هەرچەندە ، ێك ، ی ، بەڵام ، نە ، ی ، بە ، کە ، ب، ێت) ئەم ئامڕازانە خۆیان لە خۆیاندا وێنە دروست ناکەن[٣] بەڵام دەتوانن ببنە پڕکەرەوەی کەلێن و پەیوەندییە واتاییەکان بەمەش وێنەیەکی تەواوی هزری دەنەخشێنن Deuscher (٢٦:٢٠٠٦)

دەڵێت" ئامرازەکان وێنە دروستناکەن ،بەڵام پەیپێبردن و درککردنمان بۆ وێنە ئەبستراکتەکان زیاد دەکەن. ،چونکە هیچ فۆرمێك لەزماندا بەبێ سوود بەکارناهێنرێت و وزەی بۆ بەکارنابرێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە لەڕاستیدا زمان تەنها نمایشی دنیای ڕاستەقینە ناکات،بەڵکو گوزارشت لەسیستەمی چەمکەکان و جیهانێکی ئەبستراکتیش دەکات"،هەرچەندە ئەمانیش بەشێوەیەك لەشێوەکان بناغەو وبونیادەکەیان لە ئەزمون و کەرەستەی فیزیکییەوە وەردەگرن.

**دووهەم :** ڕێگایەکی دیکە بۆ دروستکردنی وێنەی هزری بەکارهێنانی میتافۆرەکانە Hampe (٢٠٠٣: ٤٢) دەڵێت " ئێمە وێنەی هزری دروست ناکەین بەڵام وەسفی ئەو شتانە دەکەین کە ڕەنگە ببن بە وێنە هەروەها جووتە ڕەمزی میتافۆری کەبە سەرنجدانیش ناودەبرێت بۆ دروستکردنی وێنە خۆی لە خۆیدا نمایشی وێنە ناکات هێندەی نمایشی پەیوەندییەکانی تێگەیشتن دەکات "ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، کە ئێمە وێنە( وەك وێنەکێشان ) نابینین بەڵك ئەم وێنەکارییە بریتییە لە پەیوەندی نێوان واتاکان هەر ئەمەشە وادەکات ئێمە لە میتافۆر تێبگەین و وێنەی قووڵ و کاریگەری پێدروست دەکەین پەیوەست بە کارەکەمانەوە ئەم لایەنە میتافۆرییە سەراپای ڕۆمانەکەی داپۆشیووە و لە شیکردنەوەکانی داهاتوودا بە وردی دەیانخەینەڕوو .

**٢) شیکردنەوە سایکۆزمانەوانییەکان و مۆدێلی جیهانبینی لە ڕۆمانی ( جەمشیدخانی مامم)دا پەیوەست بە وێنەی هزرییەوە**

وەك لە پاری پێشوودا ئاماژەمان پێدا وێنەی هزری خۆی لە چۆنێتی بینینی ئێمەدا دەبینێتەوە بۆ جیهان و بۆ شتەکانی دونیا هەروەها ئەم وێنانە ڕێگەی تێگەیشتن لە وشە و دەربڕینەکانمان بۆ دیاریدەکەن هەر ئەمانیشن دواتر ئاوەزداری و چۆنێتی پەیوەندی زانیاریی و کۆزانیارییەکانمان دەربارەی جیهان دەخەنەڕوو .

پەیوەست بەم چەمکانەشەوە دەتوانین ئەو ئاوەزداری و مۆدێلەی نوسەری ڕۆمانی ( جەمشید خانی مامم ، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) دەیەوێت لە توێی ڕۆمانەکەیدا گوزارشتی لێبکات شیبکەینەوە ئەمەش بەهۆی ئەو ئامراز و جێپێیانەوە، کە وێنەی هزری لە ڕێگەی زمانەوە پێمان دەبەخشێت.

هەر خوێندنەوەیەك بۆ ئەم ڕۆمانە بەمەبەستی چۆنێتی بیرکردنەوەی نوسەر و ڕادەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی خوێنەر لەگەڵ ئەو ڕایەڵە سایکۆلۆژی و دیدگا دەروونییەی ، کە ڕۆمانەکە پێشکەشیدەکات و دەیەوێت بەهۆیەوە ئاوەزداری کورد بخوێنێتەوە دەبێت لە ڕێگای سەرنجدانی ئەو وێنە میتافۆرییانەوە بێت ، کە سەرجەمی ڕۆمانەکەی پێچنراوە ، Lakoff and Johnson (١٩٨٠) "پێشنیازی ئەوەیان کردووە،کە سەرتاپای مێشك بریتییە لە میتافۆرێك ، لەم ڕوانگەیەوە هەموو ئەو فۆرمانەی لە زماندا هەن لەپرۆسەی درککردنەوە دەکەونەوە و ئەنالۆژی درکپێکراوەکانن ، بەم پێیە بیر هەڵدەستێت بەبەجێهێشتنی کۆمەڵێك جێ پێی ، کە لەخۆی دەچن لەدەربڕینە زمانییەکاندا " هەر لەبەر ئەم لایەنە دەبێت سەرەتا لە وێنەی میتافۆری ( با) تێبگەین تاوەکو بگەینە جیهانبینی و مۆدێلی ئاوەزی کورد کە نووسەر دەیەوێت لە توێی ڕۆمانەکەیدا پێشکەشی بکات .

**٢/ ١) میتافۆری وێنەی هزری ( با )**

هەر لێرەشەوە هەموو ئەو خوازە زمانیيانەی ، کە لە ڕۆمانەکەدا شیدەکرێتەوە دەربڕی واقعە لە فۆرمێکی کاریگەردا ، چونکە وێناکردن و وێنەی هزری گێڕانەوەیەکی وێنەیی چیرۆکییە ،زیاتر لەپەسەنکردنیك بۆ ئەوکرۆکەی گوزارشتی لێکراوە بە واتایەکی تر ئەو وێناهزریانەی ، کە سەرتاپای ڕۆمانەکەی لە هزر و ئاوەزداری خوێنەردا دروستی دەکات پێکەوە لە زنجیرەی نەپچڕاوی واتایدا دەبن و چەندین واتا و چەمکی دیکە بەخۆیانەوە چالاك دەکەن بەشێوەیەك ، کە

نەك تەنها بیرۆکەیەك پەسەنبکەن بەڵکو چەندین بیرۆکە و چەمکی دیکە لەگەڵ خۆیاندا دەوروژێنن بۆنموونە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆمانەکە بە وێنەیەکی واقعی سالآنی ڕەشبگیری بەعس بۆ کوردەکان دەستپێدەکات بەڵام ئەم حاڵەتی تەنها پەسەنکردنی واقع وەك خۆی زۆر ناخایانێت و کرۆکی ڕۆمانەکە بە جموجۆڵی ( با) چەندین بیر دەوروژێنرێت .

١٦ . کەس بە تەواوەتی نازانێت جەمشید لە چ ڕۆژێکدا با دەیبات . هێندە هەیە یەکەمین فڕینی لە زیندانێکی تایبەت لە کەرکوکەوە دەست پێدەکات و کاتەکەشی شەوێکی ساردی زستان دەبێت .

(با) لێرەدا بەرانبەر (بیرکردنەوە بەرەو گۆڕانکاری) وێنەیەکی هزری بۆ دەکێشرێت و ( فڕین لە زیندان )یش لەگەڵ چەمکی( تێکشکاندنی بیری کۆن )دا یەکدەگرێتەوە و دەربڕینی ( شەوێکی سارد) وێنەی هزرییەکەی بە ( ترۆپکی ستەم و تاریکیی ) ەوە دەبەسترێتەوە ، پێکەوەش دەبێت بەوەی ئێمە نازانین لە چ ساتە وەختێکدا بیرەکانمان دەگۆڕێت هێندەنەبێت ئەو ساتەوەختانە ئەوکاتانەن،کە هەست بە ستەم یان فشارێکی دەروونیی ئێجگار گەورەدەکەین .

لە ڕاستیدا ڕۆماننوس چەندین وێنەی هزری بۆ ( با) لە ڕێگەی (ڕستە ، دەستەواژە و دەق)ەکانەوە دەسازێنێت و لە ڕێگەی وێنەکانیشەوە دەیەوێت خوێنەر لە یەك کاتدا هەم(چێژ) وەربگرێت و هەم ئەگەری (دونیابینی )تایبەت بە خۆی و ڕۆمانەکە دەربارەی کورد بنیاتبنێ بەم پێیە ( با) لە ڕۆمانەکەدا ڕەمزێکی زمانییە بۆ چەندین وێنەی هزری و بیر بۆ نموونە :

( با)

١. **گۆڕانکاری** : گۆڕانی بیرێك یان دەستبەردان لەچەق بەستووی

٢. **جوڵەی فیزیکی** : گواستنەوەی شوێن لە خاڵی( أ بۆ ب)

٣.**بەردەوامی ( جەرەیان)** : بوون هەمیشە لە تازەبوونەوەدایە

٤.**هێزی خراپە**: ئەو لایەنە تاریکانەی بەرەو لادان دەمانبەن

٥. **باری شلۆقی دەروونی** : لەدەستدانی باری جێگیر و وەستاو

٦ . **ڕزگاربوون** : هۆکاری دەربازبوون و قوتاربوونە لە ناخۆشییەکان

٧ . **بەخشەری چێژ**: تەنها بزوێنەر و بەخشەری خۆشییە

٨. **دیاردەی سروشتی** : یەکێکە لە ڕەگەز و دیاردەکانی ئاووهەوا

٩. **قەدەر** : چارەنووسی مرۆڤەکان دەنوێنێت

١٠. **پەیامبەری عەشق** : نوێنەری عاشقە بۆ مەعشوقەکەی

١١. **خیانەت** : کاتی وەستانەوەی (با) ئازاردان و خیانەتە

هێڵکاری ژمارە _ ٢ _

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا وێنەکاری و وێنەی هزری بەوە پێناسە دەکرێت ،کە چەشنێکە لە هێمابۆکردن،بەهۆی شێواز و چەندێتی چۆنێتی بابەتەوە نمایش دەکرێت لێرەشەوە لێکدانەوە و بەستنەوەی هەر ئاماژە و هێمایەك کە لە بەستەرەکانی هێڵکاری ژمارە ( ٢ ) خراوەنەتەڕوو ئەوە دەخەنەڕوو ، کە جۆرە

پەیوەندییەك لە نێوان هێما و هێمابۆكراودا هەیە یارمەتی تێگەیشتنی زانیارییە زمانییەكان دەدات و ئاوەزداری و چەمكە ئەبستراكتەكانی هزری خوێنەریش تاقیدەكاتەوە بەواتایەكی تر دەستەواژە و ڕستە بەكارهاتووەكان خوێنەر دەخەنە سەر جۆرەها وێنەی ئاوەزی ویارمەتی دەدەن چەندین بیری جۆراوجۆر ئەزموون بكات .

بۆ نموونە بیرۆكەی گۆڕانكاری سەرتاپای ڕۆمانەكەی داگیركردووە و لەچەندین فۆرمی زمانیدا خۆیدەنوێنێت بۆنموونە :

**ئەوەی لە یادی جەمشیددا ماوە ئەوەیە كە سەرەتا هەست بە گێژبوونێكی گەورە دەكات ،**

**ترسێكی گەورە دایدەگرێت ، هەستدەكات وەك پووش بە خێرای با دەبیات لە دیوارەكانی**

**زیندان بەرزی دەكاتەوە ( ل ٥)**

نموونەی پێشوو وێنەی هزری (گۆڕانكاری لەباوەڕدا) سەرڕێدەخات ، كە لە پاڵ هەموو( گۆڕان) یەكیشدا لەسەرەتاوە هەستكردن بە ترس و دڵەڕاوكێ هەیە چونكی خودی گۆڕانكاری ترسی تێكشكانی ئەو دابونەریتانەی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن ، كە پێشتر مرۆڤەكان دەقیان لەسەر وەرگرتووە و وەك ڕاستی و ڕاستەقینە لەو شتانەیان ڕوانیوە .

هەر هێمای (با) وەك جوڵەی فیزیكی و گوێزەرەوە لە توێی ڕۆمانەكەدا دەبینرێت بەتایبەت ئەوكاتانەی لە ڕووی جوگرافیاوە نوسەر وێنەی شوێنە فیزیكییەكان لەلای خوێنەر دەستنیشان دەكات :

**سەرەتا شا قوڵی بەرەو باڵا هەڵیدەگرێت دواتر كەدەگاتە سەرووی سەقفەكانی هەیئەتی**

**ئاسایشی باكور << كە دەبێت ناوی ئەو جێگایە بێت كە جەمشیدی تیا دیل بووە >>**

**ئاسۆی وەك پیاوێك لەسەر پشت ڕاكشابێت تەختیدەكات (ل ٥)**

لە كۆتی پێشوودا دەربڕاوەكانی (شاقوڵی) ،( سەرووی سەقفەكانی هەیئەتی ئاسایشی باكور ) ، ( پشت ڕاكشابێت) و (تەختیدەكات ) پێكەوە لە پەیوەندی جێگا و شوێنەواردا كۆدەبنەوە و چەشنێك لە پێڕەوی فیزیكی دروست دەكەن ، كە نەك تەنها بیرۆكەكان لە گۆڕاندا دەبن بەڵكو جەستەش لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانە شوێن دەگۆڕێت و هەندێك جاریش بەهۆی گۆڕان لە شوێندا بیروڕاكانیش دەگۆڕێن .

لە ڕاستیدا دوو جووڵە لەسەرجەمی ڕۆمانەكەدا وێنەی بۆدەكێشرێت جوڵەیەك كە گۆڕان لە بیروباوەڕدا دروست دەكات ، جوڵەكەی تریشیان ئەوەیە م كە جەستە شوێن و جوگرافیاكان دەگۆڕێت .

ئەم جوڵانەش لە ڕێگەی یەكە زمانییەكانەوە بەرجەستەكراون ، چونكە وێنەی هزری و وێنەكاری لەزماندا كاردەكەن وهەر لە زمانیشدا شوێنپێكانیان دەدۆزرێتەوە هەر لەم پنتەشەوەیە ، كە **Bolinger**(١٩٧٧) دەڵێت " پەیوەندییەكان لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆكدا بە هۆی دەرخستەكانیانەوە بەیان دەكرێت ،بەواتایەكی تر بەهادەرخستنی نێوان تایبەتییە دروستەییەكان و ئەو واتایانە دەگەیەنن لە ڕێگەی خودی دروستەكانەوە پەیانپێدەبرێت " هەروەها **Waugh**( ١٩٩٤ ) ئەوەی خستەڕوو ، كە زمان چەندین پلەی جۆراوجۆری وێنەی هزری و وێنەكاری بەرهەمدەهێنێت وله ئاخاوتندا جێبەجێیان دەكات،بۆ نموونە بەكارهێنانی وشەكانی وەك (هەڵگرت،ڕۆچو،هەڵچو)وێنەو نەخشەی ڕۆیشتو و جوڵاو دروستدەكەن ،هەروەها ئەو وشانەی كە لەئەنجامی

دەنگە سروشتییەکانەوە  دروستدەبن بەهەمان چەشن وێنەی جوڵاو دروستدەکەن بەشێوەیەکن کە فۆرمەکانیان نزیکدەبێتەوە لەواتاکانیان هەر لەم هۆکارەوە  وێکچونێکیش  دروستدەبێت .
یەکێکی دیکە لەو وێنە هزریانەی نوسەر لای خوێنەر چالاکیدەکاتەوە بریتییە لە چەمکی بەردەوامی ( جەرەیان)ی فەلسەفی :

**جەمشید تووشی سەر ئێشە و گێژییەکی زۆر دەبێت ، نازانێت چی ڕوویداوە و چی ڕوودەدات ، گوێی لە هەندێك تەقەدەبێت لە ترساندا چاو دەنوقێنێت و سامی بەربوونەوەیەکی کتوپڕ کە هەپرون بە هەپرونی بکات لەرزی لێدەهێنێت بەڵام با دەبیات و دەبیات . ( ل٥)**

چەمکی بەردەوامی و جەرەیان ، کە لە پێش (ئەفلاتون )ەوە قسەو باسی لەسەرکراوە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە چەمکی گۆڕانەوە و بەم دیدگایە هەموو شتەکان هەمیشە لە ساتەوەختی جەرەیاندان و هەرگیز ئێمە ناتوانین شتەکان وەك خۆیان ببینین بەڵکو هەموو جارێك ،کە لامان وایە دووبارە شتێك دەبینینەوە لەڕاستیدا ئەوە ئەو بابەتە نییە، کە یەکەمجار بینیومانە بۆنموونە  هەمیشە ئەو کەسەی ئەزموونی تەڕبوون دەکات و قاچەکانی  دەخاتە ناو ڕووبارێکەوە  و قاچەکانی هەر جارێك کە تەڕدەبن  ، هەمان ئاوی یەکەمجار نییە، کە تەڕیان دەکات بەڵکو هەموو جارێك ،کە دەچێتە ناو ئاوەکەوە خودی ئاوەکە و تەڕبوونی قاچەکانیش بۆ ئەو ئەزمونێکی نوێن هەربۆیە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی ( جەمشید تووشی سەر ئێشە و گێژییەکی زۆر دەبێت) و (با دەبیات و دەیبات) وێنەی جۆراوجۆر لە هزردا دروست دەکەن دەربارەی دووبارەبوونەوە و تێڕوانین لە بوون و نەگەیشتن بە خاڵێکی چەسپاو .

**من دوای ئەو ڕۆژە بە هەفتەیەك ، لەگەڵ سمایلی ئەدیب خاندا بووم بە یاوەری جەمشید ... ئیشی ئێمە  ئەوە بوو نەهێڵین « با»  جەمشید لەگەڵ خۆیدا بەرێت (ل٧)**

لە نموونەی سەرەوودا ئەو وێنە ئاوەزییەی نوسەر لەڕێگای بەکارهێنانی وشە و گوزارشتەکانی ( نەهێڵین) ، ( با .. بیبات)دروستیدەکات ، ئاماژە بۆ چەمك و پەیوەندی قوڵی کلتوری لەچەشنی ( کلاوەکەت بگرە بانەیبات) و ( هەرجارە با بۆ دۆڵێکی دەبات) و ( لە جێگەیەك با بێت لەوێ شەن دەکات) مان بیردەخاتەوە ، کە لە هەر جێگایەکی ئەم چەمکانە بڕوانین ئەوە تێبینی دەکەین ، کە خودی (با) و ( ئەو کەسەی با کاریتێدەکات) لە ڕوانگە میتافۆرییەکەیەوە هەردوکیان لەژێر باری هێزی خراپە و خراپەکاریدان و بە دوای بەرژەوەندییە تایبەت و تاکەکەسییەکانیاندا وێڵن بەمەش لەڕۆمانەکەدا تایبەتێتی خراپەکاری دەدرێتە پاڵ ( با)  و ( سالار) و ( سمایلی ئەدیبخان) وەك لەنگەر و بەربەستی بەردەم ( با) دەبن بۆ ئەوەی هێزی خراپەکاری ( جەمشیدخان ) بەرەو هەڵدێر نەبات ، ئەم واتا و تێگەیشتنەش لەڕێگای تەنها گێڕانەوەیەکەوە نەبەخشراوەتە گوێگر، چونکە لە کەرەستە زمانییەکان تەنها هەڵناستن بە گێڕانەوەیەکی وێنەیی ، بەڵکو زیاتر لەپەسەنکردنێك بۆ ئەو کرۆکانە ، کە گوزارشتیان لێکراوە دەخەنەڕوو.
لێکدانەوەی پێشوو ئەو ئەنجامە پێشکەشدەکات ، کە وێنە هزرییەکان ئەو نەخشەیە پەسەنددەکەن لە بیرو هزردا ، کە کەسێك بەکاریدەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە بابەتێکی دیاریکراو واتە ئێمە وێنە هزرییەکانمان ، کە لە

ڕێگەی زمان و کەرەستەکانی زمانەوە پێیدەگەین مۆدێلی دونیا بینیمان دەستنیشاندەکات چونکە ئەو مۆدێلانەی جیهانی پێدەخوێنینەوە یاریدەدەرمانن بۆ بەستنەوەی هەر چەمکێك ، کە قسەکەر / نووسەر ئاڕاستەمان دەکات هەر لەمەشەوەیە  چەمکەکان بە جۆری جیاجیا دەخوێنرێنەوە و بەپێی گوێگر / خوێنەرەکان دەگۆڕێن ئەمەش نەك تەنها لەسەر ئاستی تاکەکەس بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکانیش جیامان دەکاتەوە ، پەیوەست بەم ڕاستییەوە لەوە تێدەگەین ، کە هەر کۆمەڵگایەکیش بۆ خودی خۆی دونیابینییەکی هەیە ، کە لە میللەتەکانی تری جیادەکاتەوە و دەبێتە شوناسی تاکەکانی .

شیکاری پێشوو بۆ ( با) وەك هێزی خراپەکاری دەمانگەیەنێتە حاڵەتێکی دەروونیی ، کە بارێکی شلۆقی و ناجێگیری دەستنیشاندەکەن:

**ئیشی ئێمە ئەوەبوو لە ڕۆژانی بادا جەمشیدخان بە خۆمانەوە ببەستینەوە نەبا با بیفڕێنێت .(ل ٨)**

هەموو گۆڕانکارییەك لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە چەشنێك لە ناسەقامگیری دەروونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کەسی کارتێکراو و گۆڕانکار یان هەستێکی نێگێتیڤی دەبێت بەرانبەر خۆی و گۆڕانەکانی یان بە پێچەوانەوە هەستێکی پۆزەتیف و ئارامبەخش بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە ( با) شێوەی نییە و ڕەنگە زۆرترین سیماو خەسڵەتەکانی نێگێتیڤ بن هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ، کە لە ڕۆمانەکەدا وشەی( بیفڕێنێت)  لە دەستەواژەی ( نەبا با بیفڕێنێت) دا بەکارهاتووە چونکە پەیوەندی ئەم وشەیە بە بواری( خراپە ، ستەمکردن و ناهەقیکردن)ەوە زۆر بەهێزە و وشەیەکی کاریگەر و زرنگدەرەوەیە زیاتر لە وشەیەکی وەك ( ببیات) چونکە لەم وشەیەدا ڕەنگە تاڕادەیەك ڕەزامەندی هەبێت و زرنگدانەوەکەشی وەك وشەی (بیفڕێنێت) نییە ، کە دووهەمیان بەتەواوەتی بێدەسەڵات بوون و بێتوانایی کەسی ڕفێنراو نیشاندەدات ، ئاماژەی ئەم بێدەسەڵات بوونەش خۆی لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا شاردووەتەوە وەك ئەو چەمکانەی بە وشەی ( لاواز)ەوە بەستراون لەم دەقەی خوارەوەدا

**چونکە ئەو بۆتە پیاوێکی لاواز کە با هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیبات (ل٨)**

یان بەکارهێنانی وشەی (تەنك) و ( دەزوو) بۆ جەستەی ( جەمشیدخان) وەهای دەردەخات جەستە و کڕۆکی دەروونیی بە شێوەیەکیان لێهاتووە زۆر بە ئاسانی هەردووکیان بە(با) دەڕۆن :

**کەسێکی لەڕ و قوپاو بوو لە مەخلوقێك دەچوو لە کاغەزی بۆر دروست بووبێت ،**

**پیاوێکی تەنك کەلەسەر لا وەك خەتێکی بارێك دەردەکەوت ، هەر بە دەزوویەك**

**دەچوو  هەوا بیهێنێت و ببیات( ل٧)**

یەکێکی تر لەو چەمکانەی ، کە ڕۆمانەکە بۆ ( با)ی دەکێشێت بریتییە لە(  هۆکاری ڕزگاربوون )

خودی ئەم هۆکارە هۆکاری گۆڕانکاریشە ، کە لەسەرەتای لێکدانەوەکانمان لەسەر بابەتەکە و چنینی چەمکەکان و دۆزینەوەی پەیوەندییەکانیان گرنگیمان پێداوە :

**دوای دەربازبوونی لە زیندانی بەعسییەکان ، ئەوە یەکەمین چوونەوە بەربای جەمشید بوو (ل١٦)**

بەرهەمهێنانێکی دیکەی وێنەی هزری با ئەوەیە ( با) تەنها خۆشی بەخشە و چێژ بەدەستدەخات ، کە ئەم لایەنەی (با)ش دیدگایەکی زۆر پۆزەتیڤ نییە چونکە ناگەڕێت بە دوای چاکەدا ، بەڵکو وەك چەشنێك لە ئالودەبوون ( جەمشیدخان) بە ( با)وە ئالودە دەبێت و بەدوای پڕبوون و تێرکردنی (ئیگۆ)ی خۆیدا دەگەڕێت :

**ئەوە ئەو ساتەبوو کە باوەڕمهێنا کە جەمشید لەزەتێکی وەها لەو فڕینە دەبینێت ،**

**هەرگیز دەستبەرداری نابێت ... بەڵام جەمشید زۆر چێژی لەو تاریکییە قووڵە دەبینیی( ل١٧)**

هەروەها

**بەڵام تا زیاتر بەرزبایەتەوە لەزەتی زیاتری لە فڕین دەکرد ( ل ٢١)**

وێنەیەکی دیکەی هزری ، کە پابەستە بەو تایبەتییانەی نوسەر بۆ ( با)ی دەکێشێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، کە ( با ) تەنها دیاردەیەکی سروشتییە و جگە لەو واتا پیتییەی هەیەتی ڕەمز و نیشانە نییە بۆ هیچ شتێکی دیکە لێرەشەوە ڕۆمانەکە دەیەوێت پەسەندکردنی دیاردەکە خۆی لە خۆیدا پێشکەش بکات بەدەر لەو وێنە و واتایانەی ، کە بە واتایەکی میتافۆری بۆ با لەسەرتاپای ڕۆمانەکەدا دەرخراون :

**دوای دوو ڕۆژ لەوە نیوەڕۆیەك بایەکی بەهێز هەڵیکرد . جەمشید خان هەر چاوی**

**بە با کەوت و بینی چۆن داران بەیەکدا دەدات و جل لە تەنافان دەفڕێنێت و**

**تەنورە هەڵدەداتەوە و جامانە دەخاتە خوارێ دڵخۆشییەکی گەورە گرتی (ل ٦٨)**

هەروەها لە جێگەیەکی تردا دەڵێت

**کە هێدی هێدی خەریکە گوژمی ڕەشەباکە خانم وەڕزدەکات ........**

**دەڵێت چییە سافیناز خان پێدەچێت ڕەشەبا تۆی بێزار کردبێت و بتەوێت زوو**

**بڕۆیتە خوارێ (ل٦٩)**

لەم دوو دەقە وەرگیراوەی سەرەوەدا ( با) یەکێکە لە ڕەگەز و دیاردەکانی ئاووهەوا و وەك حاڵەتێکی فیزیکی گوزارشتی لێکراوە هەر ئەم پنتەشە ، کە کارێکتەرەکانی دیکەی (با) لە ڕۆمانەکەدا بەخۆیەوە دەبەستێتەوە چونکە هەستەکان زانیاری ( با) ی ڕاستەقینە دەگوێزنەوە بۆ هزر و ئاوەزداری هەروەها فۆرمی زمانی (با) هەڵگری جوڵە و نەسرەوتنی هەوا دەگەیەنێت بەم پێیە وێنە هزرییەکانی کە باسیان لێوە دەکەین لەم خاڵەوە تۆڕی ئاڵۆزتری واتایی بۆ خۆیان دەچنن و گوێگریش لەڕیگەی ئەم ڕایەڵەوە دەتوانێت واتا ئەبستراکتەکانی دیکە بدۆزێتەوە .

قەدەر چەمکێکی تری میتافۆری (با)یە لە ڕۆمانەکەدا ، کە چارەنووسی مرۆڤەکان دەنوێنێت و هەر ئەویشە مرۆڤەکانی گیرۆدە کردووە و لەسەرەتای بوونەوە بەدوای وەڵامدانەوە و بەیانکردنیدا وێڵن :

**ئەو لەسەر قەرەوێڵەیەکی بەرز دانیشتبوو کە ئێمەی بینی هەستا و گووتی((سەیرمکەن برازا ئازیزەکانم ، ژیان چۆن دەمهێنێت و دەمبات ... هەر بەڕاستی بووم بە پووشی دەم با .. هەر بە ڕاستی)) (ل ٢٦)**

**هەروەها**

**دەبێت بڵێم ئەو هەمیشە خۆی بە سەمبولی مرۆڤێك دەبینی کە ژیان یاری پێدەکات (ل٢٦)**

بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی ( ژیان) ، ( دەمهێنێت) ، ( دەمبات) ، ( بووم بە پووشی دەم با) و ( یارپێدەکات) بە پێی لێکدانەوە سایکۆ زمانییەکان هەریەکێکیان پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ( بێهێزی ، بێدەسەڵاتی ، نەبوونی ئیرادە و بەکەمزانین ) و بەستنەوەشیان بە چەمکی جیهانەوە دیدگای ئاینی، فەلسەفی و دەروونی دەربارەی بوون چالاکدەکاتەوە ، کە تێیدا پرسیار لەوە دەکرێت ئایا مرۆڤەکان خاوەنی هەڵبژاردنەکانیان لە دوونیادا یان هێزێکی لەسەرتر هەیە و ئەوە ژیانی مرۆڤەکان وەك ئەوەی بیەوێت ڕێکی دەخات .

ڕایەڵێکی تر ,کە وێنە ئاوەزییەکان بە چەمکی ( با) ەوە لە ڕۆمانەکەدا دروستی دەکەن بریتییە لەوەی ( با) پەیامبەری عەشق  و هەندێك جار عیشق وەك ( با) دەمانهێنێت و دەمانبات و ئێمە لەبەرانبەر ئەو هێزە لەڕیشە هەڵکێشەی ( با= عیشق) هیچمان پێناکرێت بێدەسەڵات دەردەکەوین ،  هەروەك چۆن ( با) لە فۆرمێکی تریشیدا نوێنەری عاشقە بۆ لای مەعشوق ، لەڕاستیدا چەمکی عیشقیش پەیوەستە بە ئەو گۆڕانکاریانەی لە بیردا ڕوودەدەن چونکە ساتە وەختی عەشق ساتەوەختی داچڵەکین و وەرچەرخانیشە هەروەك چۆن ساتەوەختی ڕێکخستنەوە و گۆڕینی جیهانبینییە :

**ئەو سەرکەوتنەی سافیناز بۆ ناو ماشێنەکەی ، ژیانی جەمشید دەگۆڕێت و دەمودەست لەویادا عاشق دەبێت ، عەشقێکی وەها ، وەك با ئێمەش لەگەڵ خویدا دەبات ( ل٦٤)**

لە ڕۆشتن بەرە و گۆڕانکاریدا زۆرجار خودی ڕۆشتنەکە کامڵ نییە هەربۆیە بیرکردنەوە دەوەستێت و وەك ئەوەی عەقڵمان خیانەتی لێکردبێن و هەستەکانمان چەواشەیان کردبێن چونکە مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەك بەرەو چاکە بێت هەندێك جار ئەو ئەزموونانەی دەیانکەین و دواتر کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و مۆدێلی جیهانبینیمان دروست دەکەن تاقیکردنەوەی خراپن و بەرەو ئاڵۆزبوون و بەسەرخۆدا داخستنمان دەبەن ، هەربۆیە لە زۆر جێگای ڕۆمانەکەدا سرەوتنی (با) و نەمانی تەوژمی گۆڕانکارییەکان وەك خیانەت لێکردن وێنا دەکرێت و هەموو وەستانەوەیەکی (با)ش کەوتنە خوارەوەیەکی توند و بیرچوونەوەی بەدوادادێت :

**سامناکترین و پڕ مەترسیترین سات لە فڕینەکانی جەمشیددا بە تەنیا ساتەکانی خەو نەبوون ، بەڵکو ئەو چەشنە ساتانەبوو کە لە ناکاو با دەوەستا و بێ هیچ پێشەکییەك و خاوبوونەوەیەکی کاوەخۆ لەپڕ هەوا لە شوێنی خۆی مەنگ دەبوو ، ئیدی وەك هەموو شتێك کتوپڕ مردبێت ، سروەیەکی بچووکیش چییە نەدەما ،**

**جەمشید وەك باڵندەیەكی كوژراو لە ئاسمان بەردەبووەوە ، ئەو ئەو ساتانە كە بە ساتی خەوتنی با ناوماندەنا (ل ٣٨)**

بەكارهێنانی وشەی ( خەوتن ) لە دەقەوەرگێراوەكەدا پەیوەندی خودی چەمكەكە بە هەموو ئەو چەمكانەوە چالاكدەكاتەوە ، كە دەربڕ و نوێنەری( كزبوون ، سستبوون ، بیرچوونەوە ، گوێپێنەدان ، فەرامۆشكردن ، ماندووبوون و كوڵدان)ن بەواتایەكی تر ، كاتێك با و بیری گۆڕانكارییەكان دەسرەون و چیدی سەرقاڵییەك نامێنێت بە بیرۆكەی ( خود چاككردن و كۆمەڵگا چاككردن) ەوە ئەوا ئەو ساتانە ساتەوەختی ( خەوتن و لەبیركردنن) .

بەشێوەیەكی گشتی هەردوو كارێكتەری (چاكە و خراپە) بەرانبەر بە ( با ) لە ڕۆمانەكەدا بەكارهاتووە و هەرئەم دوو كارێكتەرەشن ، كە دەشێت لە دونیادا گۆڕانكارییەكانی پێبخوێنرێتەوە و هەر ئەم دوو كارێكتەرەشن ئاڕاستەی گۆڕانكارییەكان دیاریدەكەن هەروەها لە وێنەیەكی هزری گشتیدا دەتوانین هەریەك لەم میتافۆر و وێنە هزریانە بەم شێوەیە وێنەكاری بكەین :

**كارێكتەری ( با )**

↓

**دیاردەی سروشتی**

↓

**گۆڕانكاری و گۆڕان**

↓




هێڵكاری_ ٣ _

دیاریكردن و چالاككردنەوەی پەیوەندییە واتاییەكان بەرانبەر فۆرمی ( با)

**٢/ ٢) مۆدێلی جیهانبینی كورد لە ڕۆمانەكەدا**

وەك پێشتر ڕوونمانكردەوە مۆدێلی ئاوەزی چۆنێتی ڕێكخستنی زانیارییەكان لە هزرماندا ڕووندەكاتەوە و شێوەكانی بڕیاردان و هەڵوێستمان دەربارەی جیهان دەنەخشێنێت ئاڤێستا كمال محمود(٢٠١٢: ١٤٤) دەڵێت

" مۆدێلی ئاوەزی بریتییە لە ڕوونکردنەوەی بیرکردنەوەی کەسێك ( تێڕوانینی کەسێك ) بۆ شتێك لە جیهانی ڕاستەقینەدا " هەروەها ئەم تێڕوانینە چۆنێتی مامەڵکردنمان لەگەڵ شتەکاندا دیاریدەکات لە جیهانی واقع و ئەبستراکتدا لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵ بۆ ئەمەش تاك پشت دەبەستێت بە هەموو ئەو کۆزانیارییانەی لە ماوەی ژیاندا بەدەستی هێناون و هەر ئەمەشە دواتر دەبێتە مۆدێلێکی جیهانبینی تاك یان کۆمەڵ .

لەم پنتەوە ڕۆمان ژیان دەخوێنێتەوە و داهێنانی تێدا دەکات و سەرجەمی ئەم پرۆسانەش لەو مۆدێل و وێنە ئاوەزیانەوە دێنە دەرێ ، کە ڕۆماننوس پێیان کاریگەرە و دەیەوێت لە فۆرم و شێوازێکی دیکەدا واتە بە زمانێکی بالاّ و کاریگەردا دایانبڕێژێتەوە.

بەمەبەستی شیکردنەوەی ئاوەزداری و جیهانبینی پێویستە پەنا بەرینە بەر چەمکە ئاوەزییەکان ، کەلە دروستە ئاوەزییەکانەوە کەوتوونەتەوە **محمەدی مەحوی** ( ٢٠٠٦ : ١٠ ) بۆ ئەم بارە دەڵێت " ئاوەزداری بە دوو سنوورەوە بەندە : پێویستە " دروستە ئاوەزییەکان " خۆیان شیبکرێنەوە نەك تەنها ئەو جۆرو شێوانەی هەڵسوکەوت ، کە لە ئەنجامی کەوتنەکاری ئەواندایە و ئێمە لێیانوردەبینەوە . چونکە ئەمان لەو " پرۆسە ئاوەزییانەوە " کەوتوونەتەوە ، ئاوەزداری لە ڕێی " چەمکە ئاوەزیەکان " ەوە " دروستە ئاوەزییەکان " شیدەکاتەوە " .

هەر دروستەیەکی زمانی لە چێوەیەکی ئاوەزداری و لە چەمکێکی ئەبستراکتەوە سەریگرتووە ، کە بنچینەکەی لە هزردایە و دەست دەگرێت بەسەر ئەو هەڵسوکەوت و پەیوەندییانەی ، کە بەدەوروبەر و خودی خۆمانەوە دەمانبەستێتەوە بەم پێیە ئەوەی ڕۆماننوس ئاڕاستەی خوێنەری دەکات بریتییە لەو جیهانبینی و دیدگایانەی نوسەر بۆ جیهان دەیاندۆزێتەوە و باوەڕیان پێدەهێنێت پاشان دەیانخولقێنێتەوە لە شێوەی جیهانێکی ئەبستراکتدا **محەمەدی مەحوی** (٢٠٠٦: ١١٥) " زمان هێزێکی کاریگەرە و فۆرمەکەی ناوەوەی / دنیا نێوان زمانییەکەی دییدگەیەکی تایبەتیی دەربارەی دنیا دەنوێنێت : دنیا نێوان زمانییەکە _ دنیایەکی سەربەخۆ لە ناوەرۆکی زمانیی _ڕاستەقینەی چشتەکان و زمانی کۆمەڵەکە بە ئاوەزیی بەیەکدەگەیەنێت و دییدگەی زمانی دایك، لەم بارەدا ئەوەی زمانی کوردیی دایدەڕێژێت " .

جیهانبینی و ئاوەزداری نوسەر کاریگەرە بە کۆمەڵەوە و لە هەمانکاتیشدا سەرلەنوێ کۆمەڵگاکەی لەڕێی بۆچوونە تایبەتییەکانییەوە چێوەدەدات و چەندین وێنەی لەم بارەیەوە دەخاتە بەر تیشکی بیرکردنەوەی خوێنەرانییەوە چونکە زمان هەڵسوکەوت و ئامرازی ئاشکراکردن یاخود گەیاندنی بیرەکانە و بیرکردنەوە و ئاوەزداری هەر کەسێکیش لە گەنجی وشەکانی و شێوازی نوسین و ئاخاوتنیدا هەیە لەمەشەوە کەسایەتی و ئاوەزداری کۆمەڵگا لە دیدی نوسەرەوە دیاریدەکرێت .

نوسەری ڕۆمانی ( جەمشیدخانی مامم) بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵیداوە ، کە ئاوەزداری و کەسایەتی میللەتی کورد و تاکەکانی بکێشێت لە ڕوانگەی ئەزموون و دونیابینینە تایبەتییەکانییەوە ، لەڕاستیدا نوسەر لە هەندێك خوێندنەوە و وێنەی هزریدا سەرکەوتوو بووە بەلاّم لە هەندێك وێنە و دۆزینەوەی ئاوەزداری و نەخشاندنی فۆلکلۆری کوردیدا سەرکەوتوو نەبووە و هەوڵدەدەین هەریەك لەم بانگهێشتانەش لە شوێنی

خۆیدا شیبکەینەوە و بەڵگەیان بۆ بهێنینەوە .

هەریەك لە بۆچوون و دونیابینینەکانی ، کە نوسەر هەیەتی لەسەرجەمی ڕۆمانەکەدا بەچەند شێوەیەك و لە ڕێگەی چەند کەسایەتییەکەوە گوزارشتی لێکردووە لە گرنگترین ئەو کارێکتەرانەی ، کە ئەم ئەرکەی لە ڕێیانەوە کردووە بریتین لە :

١. کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ( جەمشیدخانی مامم ) ،
٢. کاراکتەری گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە ( سالارخان) ،
٣. کارێکتەرە جیاجیاکانی خەڵکی شار .

بەشێوەیەکی گشتی ( سالار ) وەك حاڵەتی گێڕەرەوەی چیرۆك دەردەکەوێت و لە هەندێك لە باردا لەگەڵ کارەکتەرەکانی تردا دەچێتە دیالۆگەوە بەڵام هەمیشە لە نێو دیالۆگی ئەوانی دیکەدا ڕۆڵی شاهێدحاڵ و گێڕەرەوەی ڕووداوەکان دەبینێت :




هێڵکاری _ ٤ _

لە ڕاستیدا ( سالار ) لە ڕۆمانەکەدا تەنها دونیابینی کارێکتەرەکانی دیکە و ئەو وێنانە ناگوێزێتەوە ، کە پێی کاریگەرن بەڵکو خۆشی هەڵگری دونیابینییەکانە و زمانحاڵی نوسەری ڕۆمانەکەیە هەندێك جار زیاتر ئەم کارێکتەرە زانیارییەکان و جیهانبینییەکان لێکدەداتەوە ، واتە زیاتر لە جەمشیدخان سەرقاڵە بە توێکاری و شیتەڵکاری ئاوەزداری و گوزارشتی ، کارێکتەرەکانی دیکە بۆ نموونە :

**گەر سافیناز نەبایە ، دڵنیابووم مامە جەمشیدم جارێکی دی بیری لەوە نەدەکردەوە بفرێت بەڵام عەشق وا لە مرۆڤ دەکات هەموو توانا و نهێنییەکانی خۆی دەربخات و چ هێزێك هەیە بۆ سەرسامکردنی مەحبووبە بیخاتەکار .(ل ٦٤)**

هەروەها :

**تا لە بیمارستان دەرچوو ، ئەوە تەنیا ڕستەیەك بوو بەردەوام دووبارەیدەکردەوە . ئەو گوڵلانە کارێکیانکرد ، بۆ هەتاهەتایە خوداشی لەبیربچێتەوە .(ل ٩٢)**

لە شوێنێکی دیکەدا :

**ئەو کورسییەی کە ئێمە لەسەری دادەنیشین و دارتاشێکی نەخوێندەوار دروستی کردووە ، هونەری لە هەموو ئەو ڕۆژنامانە زیاتر تێدایە کەلەسەر کورسییەکە دەیخوێننەوە. ( ل ١٢١)**

جیهانبینی و وێنە ئاوەزییەکانی ، کە نوسەر لە ڕۆمانەکەدا بۆ خوێنەری بەجێهێشتووە بەدوایدا بگەڕێت و سەرقاڵبێت پێوەی بەسەر چەند چەشنە وێنەیەکی هزریدا دابەشدەبن :

یەکەم : ئەو وێنە میتافۆریانەی چەندین وێنەی هزری بەدوای خۆیاندا کێش دەکەن و دەشێت بەهۆی تێڕامانی خوێنەرەوە چەمکی جۆراو جۆر چالاك بکەنەوە بۆنموونە :

**لای ئێمە کەوچکێك لە نوسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێك سیاسی خراپ بکە و**

**جوان ڕایانوەشێنە و چەند کەوچکێك لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە**

**و تۆزێك بیانکوڵێنە ، ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیستوچواری وڵاتی ئێمەی لێدەردەچێت ( ل ١٢١)**

هەروەها :

**‹‹دەزانیت ئەمە چییە ....دەزانیت ....ئینسانیەت لە ئادەم و حەواوە بیریکردۆتەوە تا**

**ئەمەی دروستکردوە ، ئێستا کەوتۆتە دەست بێدەماغێکی وەك تۆ کە نازانێت چۆن بەکاریبهێنێت ››**

**ئینجا تا توانی مۆبایلەکەی کێشا بەدیوارەکەدا و وردوخاشیکرد . بەرلەوەی سەربکەوێت بۆ**

**ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە و بە هێمنی کەسێکەوە کە زۆر لە خۆی دەکات گوتی ، من**

**مەخلوقێکی لەوە بێمێشکترم بتوانم لە تەکنەلۆژیا و مانای ئەم سەردەمە تازانە تێبگەم کە**

**مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێت ... زۆر لەوە بێمێشکترم ( ل ١٢٧)**

لەم نموونانەدا باسکردنی باری ڕۆژنامە نوسیی و گرێدانی بە کایەکانی تری ژیانی جڤاتییەوە پاشان دروستکردنی پرسیار لەسەر یان بەڵگەیە بۆ وروژاندنی کۆمەڵێك چەمك و بیروباوەڕ لای خوێنەر هەروەها لە نمونەی دووهەمدا قسەکردن لەسەر تەکنەلۆژیا یەکێکە لە پرسە گەورەکانی فەلسەفە و لێکدانەوەی هزری هەبۆیە ئەو چەمك و پەیوەندییە واتاییانەی کە وشەی ( مۆبایل) دەیبزوێنێت خۆی لە بەکارهێنانەکانی ئەم ئامێرە ، گۆڕینی شێواز و چەشنی ژیانی مرۆڤەوە دەبینێتەوە هەروەها وشەکانی ( بێدەماغی ، بێمێشك ) بەرانبەر بە مرۆڤێك بۆ دەربڕینی دوو حاڵەت دێت یان کەسەکە لەو پەڕی تێگەیشتندایە بۆ تەکنەلۆژیاو وریایانە خۆی بەدوور دەگرێت یان ئەوکەسە هیچ لە تەکنەلۆژیا نازانێت و ناتوانێت بەکاریبهێنێت چونکە زیرەکی مۆبایلەکان لە زیرەکی بەکارهێنەرەکەی زیاترە هەردوو حاڵەتەکەش پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە و تێڕامان لە وێنە هزرییەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت هەروەها دەستەواژەی **(مانای ئەم سەردەمە تازانە تێبگەم)**

سەردەمی تازە کام سەردەمەیە ئایا سەردەمێك هەیە کۆن بێت و پێویست نەکات بگەڕێینەوە بۆ لای ئەم دەستەواژەیە پرسی مۆدێرنەتی و پۆست مۆدێرنەتییە هەروەها پێکەڵبوون و گەشەکردنی چەمکی زانست و تەکنەلۆژیاش لەهەناویاندا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت ، لە لایەکی دیکەوە ئەو وێنەیەمان دەداتی ، کە نوسەر کاریگەرە بەم چەشنە لە بیرکردنەوە و هەر ئەمەشە کە دەیەوێت لە ڕێگەی زوبانی ( جەمشیدخان ) و (سالار) ەوە تاوتوێیبکات .

وێنەی پڕکەرەوە و یاریدەدەر لایەنێکی تری بەکارهێنانی وێنەی هزرییە لە ڕۆمانەکەدا کە نوسەر لەڕێگایانەوە دەیەوێت زەمینەی هاتنی بیرە قوڵەکان بسازێنێت هەرچەندە نوسەر لە هەندێك لەم وێنانەدا سەرکەوتوو نەبووە و ویستوویەتی بە زۆرەملێ بەرگێکی ئەورووپی و ڕۆژئاوای بەبەری کارێکتەرەکانیدا بکات بۆنموونە :

**بەڵام جەمشید لە ڕۆبێکی ئاوریشمی سووردا بێباك درێژەی بە بەرچاییەکەی خۆیدا**

**و جگە لە خەندەیەکی کاڵفامانە هیچی دی پیشان نەداین ، کە نەك خەندەی شەرم**

**، بەڵکو خەندەی گەمژەیی بوو ( ل٧٥)**

**خەیاتێکی تایبەت هات تا بە پێی گەورەیی و تەنکی جلی تایبەتی بۆ بکات ...**
**پزیشکێك و بەرگدروویەکی تایبەتیشی هەبوو ( ل ١٢)**

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا نوسەر هەندێك جار دەربڕین لە ئاوەزداری خۆی دەکات و دەیترازێنێتە نێو ئەو وێنانەوە ، کە بۆ ئاوەزداری کوردی دەنەخشێنێت و لە گرنگترین ئەو وێنانەی نوسەر بۆ ئەم جیهانبینی و ئاوەزدارییەی دروستدەکات :

**یەکەم/ بیر و باوەڕ**

ئەو وێنانەی نووسەر لەم بارەیەوە پێشکەشیدەکات خۆی لە(أ.سەیرکردنی ئاسمان ب. باوەڕ بە تێوری داروین ) بیرۆکەی یەکەمی لە ڕێگەی دەستەواژە و وشەکانی ( بەرزای ، ئاسمان هتد) ڕوونکردووەتەوە و بەردەوام لە کێشمەکێشمی باوەڕداری و بێباوەڕدایە و زۆربەی وێنە و پەیوەندییە زمانەوانیەکانیش لە تێکستەکاندا ئەوە دەخەنەڕوو ،کە بەرزبوونەوە و تێفکرین لە ئاسمان ئارامی دەبەخشێت لەگەڵ ئەوەی هەندێك جاریش نووسەر دەیەوێت دیوی نێگێتیڤی باوەڕبوون بە خودا نیشانبدات بەڵام ئەم دیوە نێگێتیڤە لە خودی بوونی خودادا نییە بەڵکو کەمکورتی مرۆڤەکان لە قەڵەمی دەدات :

**سەرم بۆ بەرزایی بەرز دەکەردەوە (ل٣٦)**
**لە دەشتێکی چۆڵدا ناردمانەوە بۆ ئاسمان ....بینیم خودام بینی (ل ٨٢.)**
**( دەبایە خێرا ڕابکەم و سەر بەرزبکەمەوە و سەیری بێسنووری ئاسمان بکەم تا بتوانم خۆم**
**لە کاریگەری ئەو هەموو قسە هیچانە بتەکێنم ( ل ١٢٦)**

دووهەم / بیرچوونەوە وەك مۆدێلێکی خۆگونجاندن

بیرچوونەوە وەك بار و ماتە توانینێکی سروشتی لە هەموو زانیارییەکدا هەڵگیراوە چونکە هەموو زانیارییەك لەبەردەم دوو ئەگەردایە یەکەمیان مانەوە و دووهەمیان بیرنەهاتنەوە و قووڵبوونەوەی بەدەستنەهاتنەوەش بیرچوونەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، سەرباری ئەم بارە بیرچوونەوە وەك میکانیزمی بەرگریش لە لایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت بەتایبەت لەو کاتانەدا ، کە توشی گرفت و شۆکی دەروونیی دەبێت ئەم جۆرە بیرچونەوەیەش بەسەر چەند چەشنێکدا دابەشدەبێت لەوانە :

١. بیرچوونەوەی گەڕاوەیی (Retrograde Amnesia ): ئەم چەشنە کاتێك ڕوودەدات ، کە کەسیەکە ڕووبەڕووی شۆکێکی دەروونیی یان تووشی بەرکەوتنی مێشك بووبێت .

٢. بیرچوونەوەی پێشینەیی (Anterograde Amnesia ) : هۆکاریئەم چەشنەش وەك چەشنی یەکەمە بەڵام تایبەتێتی ئەم چەشنە لەوەدایە ، کە کەسی تووشهاتوو ناتوانێت زانیاری گەنج_هەڵگر بکات و دواتریش بەدەستیان بهێنێتەوە .

٣. بیرچوونەوەی گشتگیری Global Amnesia بریتییە لە بەدەست نەهێنانەوەی هەموو زانیارییەکان ، کە لە هەر پێنج هەستەکەوە وەرگیراون .

٤. بیرچوونەوەی زانیاریەکانی یەکێك لە هەستەوەرەکان Modality Amnesia

٥. بیرچوونەوەی ڕاگوزاری Transient Amnesia کاتێك مێشك تووشی پێداکێشان ، لوو ( ورم) دەبێت هەروەها چەشنێکی تریشی هەیە –، کە خراپ نییە– وا دەکات ڕووداوە نزیکەکان بیربچنەوە بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی هاوکاتن .

٦. بیرچوونەوەی دروستکراو Factitions Amnesia کەسی تووشهاتوو ڕووداوە نامۆ و ناخۆشەکانی بیردەچێتەوە و کەسەکە وەهای دەردەخات ، کە شتەکانی بیرچووەتەوە تا وایلێدێت بە ڕاستی و ڕاستەقینە لەبیری بچنەوە.

٧. بیرچوونەوەی بچڕبچڕ Amnesia dissociative ئەم چەشنە بیرچوونەوەی هەموو ڕووداوە ناخۆشەکانە ، کە بەسەر تاکدا هاتووە و ئەمەش تەنها یەك ڕووداو نییە بەڵکو زنجیرەیەك ڕووداون زۆربەی تووشهاتووان بەم حاڵەتە خۆیان دەزانن ، کە هەندێك ڕووداوی ژیانیان بیرچووەتەوە و هەندێکیش ئەم بیرچوونەوەیە وەك بیرچوونەوەی لەبیرچوونەوە Amnesia for Amnesia دەخەنەڕوو ، بەمەش کەسەکە دردکەکات بەو کاتەی هەندێك لە ڕووداوەکانی بیرچووەتەوە ئەمەش لە ڕێگەی هەندێك بەڵگە کە ئاماژە دەبن بۆ ڕووداوەکان هۆکاری ئەم لەبیرچوونەوانەش زۆرە لەوانە ( کارەساتەکان مرۆیی یان سروشتی ، خەمۆکی و خەم )[٤]

سەرجەمی پرۆسەکانی بیرچوونەوەش پەیوەستن بە هەرسێ جۆری یادگەکانەوە ( یادگەی هەستی ، یادگەی کورت_خایان، یادگەی درێژ_خایان) و پەیوەست بەم لایەنە تێۆرییەوە نوسەری ڕۆمانەکە مۆدێلێکی بیرچوونەوە لە ئاوەزداری کوردیدا شیدەکاتەوە ، کە هەم پەیوەندی بە میکانیزمەکانی خۆپاراستنەوە هەیە هەم پەیوەندی بەکارکردنی یادگەکانەوە هەیە ، کاتێك باس لە کەوتنەخوارەوەی (جەمشیدخان) دەکات و لەگەڵ هەموو کەوتنە خوارەوەیەکدا و لەگەڵ هەموو ئازار چەشتنێکدا ( جەمشید خان) هەموو زانیارییە کۆنەکانی بیردەچێتەوە و توشی لەیادچوونەوە دەبێت( فقدان الذاکرة) و ئەم بیرچوونەوانەش بەردەوامییەك بە گۆڕانکاری لە هزردا دەدەن ڕەنگە ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بەو بنەمایەوە هەبێت هەموو کات بۆ سەرلەنوێ ژیانەوە و گۆڕانکاری پێویستە سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە و هەوڵبدەین "ڕابردوو" بیرخۆمان بەرینەوە بەڵام ئەم حاڵەتە سەر لە " سادەیی بوون و ساویلکەیی بوون" دەردەکات واتە نوسەر دەیەوێت بڵێت ( جەمشیدخان) وەك ئارکیتایپێکە و مۆدێلێکە بۆ جیهانبینی و دونیابینی کورد ، کە هەمیشە لە دوای کارەسات و نەهامەتییەکانی بەرگ دەگۆڕێت و نەهامەتییەکانی بیردەچێتەوە و سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە و ئەزموون و زانیارییە کۆنەکان لە یادگەی هەستی و کورت خایانیدا بەرجەستە دەبێت و سانایانە لەدەستیاندەدات .

وێنەی ئاوەزی دەرخەری بیرچوونەوەکان خۆی لە چەند دەستەواژە و وشەیەکدا دەبینێتەوە وەك( لە بیرییەتی ، ڕابردووە بۆ ئەبەد ڕابردووە ، لەبیرچووەوە ، نازانێت ، لە بیربچێتەوە ، لەسەرەتاوە دروستبیبێتەوە ) و چەندین وشەی دیکەش ، کە سەراپای ڕۆمانەکەی داگیرکردووە.

**جەمشید لە بیرییەتی تا لە ئاسماندا بوو هەر کۆمۆنیست بوو ، بەڵام هێندەی لەو سەربانەدا نیشتەوە ، ئیدی کۆمۆنیست نامێنێت ( ل ٦ )**

**هیچم لەو کورە نەدەچوو کە کاتی خۆی شارم بەجێهێشت . هەستمکرد ئەوەی کە تێپەڕیوە بۆ ئەبەد تێپەڕیوە و ئەوەشی کە ڕابردووە بۆ ئەبەد ڕابردووە . ( ل٢٣)**

**دوای سێ هەفتە بێهۆشی جەمشید ئێوارەیەك چاویکردەوە و هێمن لەگەڵماندا کەوتە قسە ، سەرەتا من هەستم بە گۆڕانێکی قووڵ و خێرا نەکرد ، بەڵام دوایی دەرکەوت وەك چۆن جەمشید لە دوای کەوتنە خوارەوەی یەکەمی ئەوەی لەبیرچووەوە کە کۆمەنیست بووە ، ئەمجارەش نوسینەوەی یاداشتەکانی لە بیرچووەوە .(ل٤٠)**

**گووتی جەمشید خان شەو با هەڵیگرتووە و هیچ کەس نازانێت بەرەو کوێ فڕاندوێتی ......پیاوێکی لاواز کە جگە لە هاوار بۆ خودا هیچی دیکەی نەدەگووت .( ل٧٨)**

**ئەو گوڵلانە کارێکیان کرد بۆ هەتا هەتایە خوداشی لە بیربچێتەوە .(٩٢)**

**مەخلوقێك مەحکومە بەوەی هەموو جارێك لەسەرەتاوە دروستبیبێتەوە ( ل ١١٤)**

دەتوانین سەرجەمی ئەم دەقە وەرگیراوانە لە هێڵکاری ( ٥) دا شیبکەینەوە و چۆنیی گەیاندنی واتاکانیشیان بخەینەڕوو




هێڵکاری _ ٥ _

ڕێڕەوی تێگەیشتن لە میتافۆری بیرچوونەوە

چارەسەرکردنی بیرچوونەوەی ئاوەزداری میللەتێك خۆی لە نووسینەوەی مێژووی میللەتەکەدا دەبینێتەوە .

**لەشی تۆ لە پارچە کاغەزێکی گەورە دەچێت ، من هەموو ژیانی خۆتت لەسەر جەستەت بۆ دەنوسمەوە ، بۆئەوەی هەرکات لە ئاسمان کەوتیتە خوارێ و یادەوەریت نەما ، نوسینەکانی سەر لەشت لەیاد بێت لە کوێوە هاتوییت و بۆ نابێت بگەڕێیتەوە .(ل١٤٧)**

نوسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا بە ئاکامێك دەگات ، کە هیوا دەبەخشێتەوە بە ئاوەزداری میللەتێك چونکە (جەمشیدخان) لە دوا مەنزڵگەدا و بۆ دواجا (با) نایبات ئەم بیرۆکەیەشی لە ڕێگەی دەستەواژەی ( هەواڵێکی هەرە گرنگی دونیا) بە ئەنجامدەگەیەنێت .

**وەك هەواڵێکی هەرە گرنگی دونیاشم پێبڵێت نوسیویەتی ‹‹ من چیتر ئەو جەمشید خانە نیم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبات ، ئێستا کێشم وردە وردە پڕدەبێتەوە و دەبم بە کەسێکی ئاسایی›› ( ل١٥٠)**

سێهەم : جیهانبینی دەربارەی ئافرەت

وەك ئاماژەمان پێدا مۆدێلی ئاوەزی و جیهانبینی نووسەر لە ئەنجامی ئەو زمانەی بەکاریهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە کارێکتەری ناو ڕۆمانەکەی لەڕاستیدا ئەم زمانە دەرگا واڵا دەکات بەسەر تێفکرین و خوێندنەوەی دونیا بینی و بیرکردنەوەی نوسەر هەر لەم پنتەوە **رسول حمد رسول** ( ٢٠١٣: ١٧) دەڵێت "جیهانبینی هەموو بیروباوەڕ و تێڕوانینە فیکری و ئایدۆلۆژی و دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتە خۆی ...کە مرۆڤەکان هەیانە بەرامبەر گەردوون و سروشت و ژیان و کۆمەڵگە ، پرۆسەی کامڵبوونی جیهانبینی ئەدەبی و هونەری تاڕادەیەك ئاڵۆزە ، بەو پێیەی تەنیا پشت بە دیاریکردنی جۆری بیروباوەڕ(ئایدۆلۆژیا ) و هەڵسەنگاندن نابەستێت ، بەڵکو بوارەکانی هەست و خەیاڵ و (حدس) و هەڵچوون و پاڵنەرە نەستییەکانی مرۆڤ ، بگرە تەواوی جەستەی نووسەر بەشدارە لەم پرۆسەی ئەفراندنەدا ، چونکە ئەدیب بە فیکر و دوور لە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەی گونجاو لەگەڵ ئێستاتیکای جوانی ، ئەم داهێنانەی پێ ئەنجام نادرێت ".

ئەو کارێکتەرەی ، کە نوسەر بۆ ئافرەتی کێشاوە لە سەرجەمی ڕۆمانەکەیدا دەرخستنی رووکارێکی ناشرین و قێزەونە بەڵکو زیاتر لەمەش چارەنووسی پیاوەکان هەمیشە لە دەستی خودپەرستی ئافرەتدایە و لەم دیدەشەوە گەمەکردنی ئافرەتەکان بە پیاوان ڕاستی حاشا هەڵنەگرە لە دیوێکی تریشدا ئافرەتەکان بە تایبەت ئافرەتانی ئەم وڵاتە ( کوردستان) هەموویان پڕن لە جادوو و بێباکی یان بێدەسەلآت و بێفەڕن ، کە مرۆڤ ( پیاو ) ناتوانێت لەگەڵیاندا هەڵبکات تەنانەت ئەم وێنە هزرییە نێگێتیڤە تەنها ئافرەتانی کوردستان نین بەڵکو تاوەکو تورکیا دەڕوات و لەوێش ئافرەتەکان بێنرخن وجەستەیان لە پێناو پارەدا دەفرۆشن و گەر بشمانەوێت وێنەیەکی هزری ڕوونیان لەسەر بدەین یان شتێك ئەرکیان پێببەخرێت ئەوە بریتییە لەوەی چێژ بە پیاوان ببەخشن _ تەنها چێژێکی جەستەیی _ لەکاتێکدا ئافرەتانی ئەورووپاو دەرەوەی وڵاتە موسڵمانەکان ئافرەتانێکن شایەنی ڕێزن چونکە " دڵسۆزن".

هەروەها لە سەراپای ڕۆمانەکەشدا کارێکتەر و ناوی ( دایك ، خوشك ، پوور ) نابینرێت لە بەرانبەردا سەرجەم کەسانی خەمخۆر وڵات و رووداوەکان و جەمشیدخان بریتین لە پیاوەکان (حسام الدین، ئەدیب خان ..هتد) ئەمەش زەنگێکی ترە بۆ پەراوێزخستنی کارێکتەری ئافرەت لە ڕۆمانەکەدا.

هەر بۆ لێکدانەوەی ئەم تێڕوانین و جیهانبینییەی نووسەر پرنسیپەکانی( نزیکی ، چەندێتی و زنجیرەی کەرەستە)کانەوە بەکاردەهێنین تاوەکو وێنەی هزری نوسەر نزیکببینەوە و پەسەندی بکەین :




هێڵکاری ژمارە _ ٦ _

نەخشەی هزری و جیهانبینی چەمکی ئافرەت

چوارهەم : تێگەیشتن لە تەکنەلۆژیا

جیهانبینی و تێڕوانینی نوسەر بۆ تەکنەلۆژیا بە دوو دیودایە وەك هەم ئەرێنی و هەم وەك لایەنێکی نەرێنی و دەست تێوەردەری ژیانی مرۆڤەکان ، یەکەمیان کاتێك دەردەکەوێت ، کە خەڵکی دەیانەوێت لەگەڵ چەرخەکەیاندا بڕۆن و نەبنە پاشکەوتە یان "دواکەتوو" لە چاو کەسان و وڵاتانی دیکەدا :

**زۆر گرنگە لە بەرچاوی خەڵك وەك کەسێکی مۆدێرن دەربکەویت (ل١٢٦)**

هەروەها

**دەزانیت ئەمە چییە ... دەزانیت .... ئینسانیەت لە ئادەم و حەواوە بیریکردۆتەوە تا ئەمەی دروستکردووە ، ئێستا کەوتۆتە دەست بێدەماغێکی وەك تۆ کە نازانێت چۆن بەکاریبهێنێت (ل١٢٧)**

ئەو دیدگایەی بەردەوام تەکنەلۆژیا بەرزدەنرخێنێت و لە بەرژەوەندی جۆراوجۆردا بەکاریان دەهێنێت خۆی لە جەمشیدخاندا دەبینێتەوە و بەکارهێنان و پەیوەندییەکانی وشەکانی ( ئینسانیەت بیریکردۆتەوە ، کەوتۆتە دەست ، بێدەماغ ، نەزانین) ڕێچکەیەکی بەرزنرخاندنی کەرەستەیەك لەبەردەم کەرەستەیەکی تر دەخەنەڕوو بەواتایەکی تر بەرزڕاگرتنی تەکنەلۆژیایە لە بەرانبەر کەسێکی سادەی وەك ( سالارخان) .

**ئەو پێیدەڵێن خانی خانانی ئینتەرنێت ئەوەشی دەست بەسەر ئەو دونیایەدا بگرێت واتە دەستی بەسەر ژیان و ناوبانگ و کەرامەتی هەموو ئینسانەکاندا گرتووە . (ل١٣١)**

دیوی دووهەمی تێڕوانین لە تەکنەلۆژیاش لە سەرنجەکانی ( سالارخان)ەوە دێتە دەرێ ، کە ئەم پێی وایە تەکنەلۆژیا هێندەی دەستی خستووەتە ناو شتە تایبەتەکانەوە و مایەی ئاژاوەیە هێندە خۆش گوزەرانی ناهێنێت و لە دیدگای ئەمەوە دەشێت تەکنەلۆژیا لە چرکەساتی یەکەمدا شۆکێك و سەرسوڕمانێکی پڕ لە تەلیسم ببەخشێت بە بەکارهێنەرەکەی بەڵام ئەمە لەوە کەمناکاتەوە کە خودی تەکنەلۆژیا وێرانکەری زۆر تا کەمێکی ویژدان و ڕۆحی مرۆڤەکانە :

**من مەخلوقێکی لەوە بێمێشکترم بتوانم لە تەکنەلۆژیا و مانای ئەم سەردەمە تازانە تێبگەم کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕدەبێت ..... زۆر لەوە بێمێشکترم (ل ١٢٧ )**

**من سوور بووم لەسەر ئەوەی ، ئەمەی ئەو باسیدەکات جۆرێکە لە وەحشییەتی تازە ... گووتیشم سەردەمێك دێت کە چۆن مرۆڤایەتی خۆی لە هێزی فیرعەونەکۆنەکان ئازادکردوە ، خۆشی لە هێزی ئەم جۆرە فیرعەونانە دەتەکێنێت و هەمووتان وەك قەساب و مرۆڤکوژ و بێویژدان دەچنە مێژووەوە .(ل ١٣٢)**

بەکارهێنانی ئاوەڵناوە و ناوەکانی ( وەحشیەتی تازە ، فیرعەونەکۆنەکان ) بۆ تەکنەلۆژیا و بەکارهێنەرەکانی بە دیوە خراپەکارییەکەیدا ئاماژەیە بۆ چەشنی بیرکردنەوەکانی نوسەر و نەخشەی ئاوەزی لە هەمانکاتدا هەوڵیداوە لە ڕێگەی گفتوگۆوە بیرەکانی سالارخان و جەمشید خان وەك دوو ئارکیتایپی بیرکردنەوە تاقیبکاتەوە هەروەها ناوزەدکردنی بەکارهێنەرە" نەرێکانی" تەکنەلۆژیا بە ( قەساب ، مرۆڤکوژ و بێویژدان) بەستنەوەی شتە تایبەتییەکانی مرۆڤە بە بونیادی ڕۆحەوە چونکە هەرکات ئەم تایبەتییانە تیرۆرکران ئەوا وەك ئەوەیە کەسی تیرۆرکراو لە شتە تایبەتەکانیدا ڕۆحی لێسەندرابێتەوە و ئەو لێسەندنەوەیەش پرۆسەیەکی شەرەفمەندانەی مەیدانێکی جەنگ نییە بەڵکو هیچ پرنسیپ

و یاسایەکی شەرەفمەندانەی تێدا بەکارنەهاتووە چونکە کەسی تیرۆریست لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە نەناسراوە و لە تاریکیدا کاردەکات .

پێنجهەم :  تێڕوانین لە ستەمکاری

مێژووی گفتوگۆکردن لەسەر ستەم و ستەمکاری هێندەی مێژووی مرۆڤایەتییە و ئەم بابەتە بەردەوام جێگەی بیرکردنەوەی  فەلسەفی و ئەدەبی بووە  ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە پێویست دەکات لەسەر پنت و فراوانی ئەم بابەتە لە ڕۆمانەکەدا بدوێین و ئاوەزداری و نەخشەی بیرکردنەوەی نوسەر دەربارەی ئەم حاڵەتە بخەینەڕوو چونکە ئەو پەیامەی نوسەر ئاڕاستەی گوێگر / خوێنەری دەکات ڕێگە خۆشکەرە هەم بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان وەك خۆیان هەم بۆ گۆڕینی نەخشە و وێنە هزرییەکەی .

لێرەشەوە چەندین وێنەی میتافۆری و دەستەواژەی  پەیوەندیدار بە بابەتی سیاسەت و ستەمکارییەوە لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێت :

**هەموو دەیانزانی شاسوار بەگ یاسایەکی هەبوو دەقەکەی وەها بوو ‹‹ئەوەی لە موڵکی مندا بێت .... موڵکی من›› .(ل ١٣٥ )**

وێنەی هزری ( موڵك ) پەیوەندیدارە لەگەڵ ( شمەك) دا نەوەك ( مرۆڤ)  و بەتایبەت لە کلتوری کوردیدا وشەی( موڵك) پەیوەستە بە (سامان)و ( بێگیان)ەوە هەربۆیە ستەمکاەرکان وێنەکەیان بریتی دەبێت لەوەی تەنانەت مرۆڤەکانیش وەك ( شمەك) مامەڵە دەکەن و  مرۆڤەکان بێبەها و بێنرخن بە ڕادەیەك دەتوانن کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکەن .

**ئەو لە شەوی یەکەمەوە هەستیکرد کە بەگی هیجری وەك حەیوانێکی نەوازە سەیریدەکات و دوور و نزیك لە جنسی ئادەمیزاد داینانێت ئەو لە یەکەم شەوەوە هەستیکرد شاسوار بەگ دایناوە تاوەکو مەیمونێك یان بابەتێکی سەرسامکردن و کیفکردن بەکاریبهێنێت .(ل ١٣٧)**

وێنەی هزری و ئاوەزدارێتی نوسەر ئەو دیدگایەی ، کە دەربارەی ستەمکار هەیەتی تێکەڵی دەکات بە یاریکردن و ڕوانین لە ئاژەڵانی ناو باخچە بەڕادەیەك لە تێڕوانینی ستەمکاردا (خەڵك ) و ئاژەڵی باخچەکان لێکچوونیان هەیە و ڕووی لێکچونەکەش بریتییە لە ( بابەتی کەیفکردن).

**لە ئاسماندا زریزەی پانتۆڵەکەی کردەوە و لەسەرەوە ڕا میزیکرد بە سەری هەموویاندا ...**
**دیارە ئەو ئێوارەیە هەندێك خواردن و جل و بەرگی هەندێك سیاسی بەناوبانگ و دەموچاوی چەند خانمێکی بەڕێزی نیشتمان پیسبوون .( ل ١٤٠ )**

لێرەدا نووسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی فرێزی (هەندێك سیاسی بەناوبانگ و دەموچاوی چەند خانمێکی بەڕێزی نیشتمان بەڕێزی نیشتمان ) وێنەیەکی پێچەوانەی و بەرانبەر ( بێڕێز) یاخود ( گەورەکراو لە چاوی خەڵکی ئاسایداو بێ کرۆك لە ڕاستەقینەدا) دروستکراوە .

ئەمەش بۆ نەخشاندنی پەیوەندییەکی هزری نوێ ، کە سیاسییەکان و خانمەکان یان دەبایە پێشتر جێگەی ڕەخنە بوونایە نەك تەنها ئەو شەوە چونکە  نەك تەنها خەڵك ،بەڵکو کۆی نیشتمانیش جێگەی گاڵتەو ڕابواردنی سیاسیەکانن :

**ڕۆژێك لە یەکێك لەو کەناڵەکانەوە من جەمشیدخانم  لە قەفەزەکەیدا بینییەوە ، دەستێك جلی لیبوکیان بە ڕەنگی ئاڵاکان نیشتمان  لەبەرکردبوو و چەپکێك گوڵی گەورەیان دابووە دەست و لە ناو قەفەزەکەدا گوڵەکانی ڕادەوەشاند.(ل ١٤٣)**

شەشەم : هێزی زمان

وێنەی هزری و ئاوەزداری (جەمشید خان ) وێنەی بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە سەبارەت بە زمانەکەی هەر ئەوەشە هۆکاری بەکەم ڕوانین لە بابەتە خۆماڵییەکان و بەرزڕاگرتنی زمانی بێگانە ، بەواتایەکی تر کورد خۆی زمانەکەی بە زمانی بیرکردنەوە و زانست نازانێت بۆیە لەم دیدە بە کەمایەتی زانینەوە چاوی لە زمانی بێگانەیە وەك زمانێکی باڵا .

**قسەیەکیش ئەو دەم بەردەوام دووبارەی دەکردەوە ئەوە بوو کە خەفەتێکی گەورەیە ئینگلیزی نازانێت و ناتوانێت زۆر لە تیورەکەیدا قووڵ بێتەوە ...... ڕۆژانە چەند جارێکیش دەیگوت کە ئەم زمانە خۆرهەڵاتیانەی ئێمە زمانی زانست نین ، بەڵکو زمانی حوشتر لێخوڕین و هێستر بەخێوکردنن .( ل ٢٠)**

تانەدان لە خۆماڵێتی زمانی کوردی و بە جیهانئەبوونی لەکاتێکدا ئەمە ئاوەزداری کوردە کە هەمیشە زمانە جیاجیاکانی پێباشترە لە زمانی خۆی لەلایەکی ترەوە مەرج نییە هەموو زمانێك جیهانی بێت و هەموو کەسێك لە دونیادا توانای خوێندنەوەی هەبێت و هەر ئەمەش خۆی لە خۆیدا کەمایەتی و بێپێزی زمان ناگەیەنێت بەڵکو نیشاندەری جۆراوجۆرییەکانە گەر نا ئەوا چەمکی بە جیهانی بوون واتایەکی نەدەما .

**(( ئێستا لە لەوحێکی نوسراوی دێرین دەچم ، نەوەك لە مرۆڤ ...لە هەر جێگایەك بمگرن سەرەتا هەوڵدەدەن ئەم نوسراوە دوورو درێژەی سەر لەشم بخوێننەوە ، بەڵام خۆشبەختانە ئەم زمانەی ئێمە خۆمان نەبێت هیچ کەسێکی تر لەسەر ئەم ئەستێرە تێیناگات ))( ل ١٤٨)**

فۆرمە جۆراوجۆرەکانی ناو ڕۆمانەکە چەندین وێنەی هزری دەربارەی شتەکانی تری دونیا پیشاندەدەن بەڵام ئەم فۆرمانە زیاتر بۆ پڕکردنەوە و یارمەتی هەڵێنجانی وێنە هزرییەکان هاتوونەتە ناوەوە و لە خزمەتی گەیاندنی ئەو وێنانەی پێشتر شیمانکردەوە بەگەڕخراون .

## ئەنجامەکان

١. وێنەکاریی ڕێگاو میتۆدی لێکدانەوەی چۆنێتی تێگەیشتنمانە لە فۆرمە ئاڵۆزەکانی وەك میتافۆر .
٢. میتافۆر هۆکارێکە بۆ دروستکردنی زۆرێك لە وێنە ئاوەزییەکان بە تایبەت لەوکاتەدا ، کە نمایشی چەمکی ئاڵۆز و قووڵ دەکەن .
٣. زمانی کوردی وشەی دەنگی زۆرە و ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاتنە ناوەوەی وێنەی هزری جۆراوجۆر کە ڕاستەوخۆ وێنە و پەیوەندیی چەمك و فۆرمەکان ڕووندەکەنەوە .
٤. وێنەی هزری پەیوەندی نێوان چەمکەکان لەلایەك و پەیوەندییان بە فۆرمە زمانییەکانەوە دەردەخات و هەندێك جاریش لە شێوەی گێڕانەوەدا ئەم وێنانە کاریگەرتر دەردەکەون پەیوەست بەمەشەوە ڕۆمان وەك زەمینەیەکی بە پێزە بۆ دەرخستنی ئەم پەیوەندییانە .
٥. ڕۆمانی ( جەمشیدخانی مامم) هەڵگری چەندین وێنەیە هەندێك لە وێنەکان میتافۆرین و واتای چڕیان لە

خۆیان گرتووە و هەندێکی دیکەشیان وێنەی پڕکەرەوەیی سادەن و لە پێناو ناسینەوە و شیتەڵکاری چەمکەکانی (گۆڕان ، ستەمکاری ، ئافرەت ، تەکنەلۆژیا) هاتوون و بەیەکەوە ئاوەزداری نوسەر و کۆمەڵ پەسەندەکەن و لەلایەکی تریشەوە مۆدێلێکی جیهانبینی کورد دیاریدەکەن .

## پەراوێزەکان

[1] عبدالرحمن حسن حنكة الميداني (٢٠٠٤: ٢٥-٣٥)

[2] ئیدیۆفۆن لە زۆرێك لە زمانەکانی دونیادا دەبینرێت ، بەڵام زۆر لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا نابینرێت و باونین و زۆرجار بە وشە ئیدیۆفۆنەکان دەگوترێت فۆنۆسیمانتیك و بە هۆی ڕێزمانەوە دروست ناکرێن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واتا و فۆرمەکانیان زۆر لە یەکەوە نزیکە ئەم وشانە پشت دەبەستن بە پەیوەندی تایبەت لە نێوان فۆرم و واتادا و لە زمانەوانیدا وەك وشە پڕ نهێنییەکان لێیان دەڕوانرێت.

[3] هەرچەندە لە هەندێك لەسەرچاوەکان پێیان وایە ئەم ئامرازانە لەسەرەتاوە وشەی تەواو بوون بەمەش هەڵگری پەیوەندی واتای و وێنەی دەرەکی و ناوەکی خۆیانن بەڵام لەبەرئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە سینتیتکە و لە ئێستای زماندا شیکردنەوەکانی خۆی پێشکەشدەکات بۆیە بەو شێوەیە لێکدانەوەمان بۆ کردووە .

[4] a .Maddox, G. B., Balota, D. A., Coane, J. H., & Duchek, J. M. (2011: 661-670)
b. Sangha, S., Scheibenstock, A., Martens, K., Varshney, N., Cooke, R., & Lukowiak, K. (2005: 787-796).


## الخلاصة

يهدف هذا البحث الى تحليل الصورالذهنية و العقلية و الظواهر السايكو_ لغوية في رواية ( جمشيد خاني مامم) واستخراج المفاهيم و المعاني المجازية في النسج التكاملي للرواية و ذلك بهدف تبيان كيفية فهم اللغة و تأثير الكلمات المستخدمة في تفعيل المفاهيم الادراكية ، اذ حاول هذا البحث تقديم الشرح و المخططات الادراكية للمفاهيم الاساسية التي يحاول كاتب الرواية ايصالها الى القاريء .

ان الصورة الذهنية في هذه الرواية تعكس صورة الواقع مع امكانية مزجها مع العقلية التي ابدعت في نسجه ’ اذ اضيفت اليها القدرة الفردية على تجريد الواقع و ربطه بالرموز التي تفسر ذلك الواقع و تجعله مفهوما مما يدل على أن اللغة في هذه الرواية حاولت الجمع بين ما هو واقع و ما هو مجرد في الفكر و تسمى هذه العملية (اي التجميع) بالعقلية و التي من خلالها يتم تقديم النسق الذي يدل على كيفية التفكير الانسان في الاشياء و صنع رؤية حولها .



## Abstract

This research is an attempt to analyse mental pictures and psycho-lingual phenomena in Bakhtiyar Ali’s novel, *Jamshid Khani Mamm.* It, also, aims at eliciting concepts and figures of speech through the novel’s texture to reveal how language and words activate cognition. These concepts are well construed through diagrams and a through explanation.

In a point of fact, mental icon in this novel reflect sheer reality with potentiality of mixing this reality with mentality that creates it. This could happen only if the individual’s ability, that reveals and connects reality to symbols, is able to interpret and make this reality understandable.

This shows that the novelist tries hard to combine between what is real and what is abstract in mind through which one can notice how man can think of different things and present a vision to them.

**سەرچاوەکان**

١. ئاڤێستا کەمال مەحموود.( ٢٠١٢) ز پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا . بەڕێوەبەرایەتی چاپ و پەخشی .

٢. محەمەدی مەحوی .( ٢٠٠٦) . ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك _ وابەستە . چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

٣. رسول حمد رسول .( ٢٠١٣) . جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا ( کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠– ٢٠١٠) . زانکۆی سلێمانی .

٤. کاروان عومەرقادر .( ٢٠١٢) . گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ( سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی ) . ژمارە ( ٣٤) .

**المصادر**

١. جلال الدين سعيد .( ١٩٨٣) . معجم المصطلحات و الشواهد الفلسفية . دار الجنوب النشر .

٢. سمير أحمد معلوف .( ٢٠١٠) . مجلة جامعة دمشق (الصورة الذهنية ( دراسة في التصور المعنى ) ). مجلد ٢٦ .

٣. عبدالرحمن حسن الحنكة .( ٢٠٠٤). ضوابط المعرفة و أصول الاستدلال و المناظرة . دار القلم . دمشق

٤. موفق الحمداني .( ١٩٨٢). اللغة و علم النفس .مطابع جامعة الموصل

٥. الذاكرة واللغة،نجسي اغنبوش.(٢٠٠٨).عالم الكتب الحديث.

**.References**

**1.**Ahlner,F. , Zlatev , J. ( 2010) . Cross – modal iconicity : Acognitive semiotic approach to sound symbolism . Lund University .

**2.**Bolinger.D.(1987). meanin g and form :London: Longman

**3.** Cacciari,C .(1995 ). similarity in language thought and perception ,Turnhout,Brepols.

**4.**Jac Conradie, C. ,Beukes, M . & Ljungberg, C . ( 2010). Signergy. Library of Congress Cataloging .

**5.** Hampe, B. ( 2005).Outside-In Inside –Out (Iconicity in Language and Litreature ,Edit Maeder, C . and others) , library of Congress ataloging .

**6.** Lakoff ,G. Johnson ,M.(1980 ). metaphors we live by Chicago ,Chicago university perss

**7.** Langker,R .(1987). foundations of cognitive grammar . vol 1 stanfor ca, Stanford university perss

**8.** Maddox, G. B., Balota, D. A., Coane, J. H., & Duchek, J. M. (2011). The role of forgetting rate in producing a benefit of expanded over equal spaced retrieval in young and older adults. Psychology And Aging, 26(3).

**9.** Sangha,S., Scheibenstock,A., Martens,K., Varshney,N., Cooke,R., & Lukowiak,K. (2005). Impairing forgetting by preventing new learning and memory. Behavioral Neuroscience, 119(3).)

**10.**Waugh ,H.( 1994). degrees of iconicity in the lexicon ,journal of pragmatics.

**11**-Haiman,J(1980),the Iconicity of grammar,Isomorphism and motivation.languagy.p(٥٦:515-540).

**12**-Kyle,J.cand B.woll(١٩٨٥)sing,language:the study of dear people and their language.

**13**-new york Cambridge university press.

**14**-liddell,S.(٢٠٠٣)grammar.gesture and meaning in americam sing languagy Cambridge university press.

**15**-Newmeyer(١٩٩٢)new meyer,fredirk.Iconicity and generative grammar.